دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٧٤

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

چوار شەممە ● ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٦ ● ٢١ی نوامبری ٢٠٠٧ ● ١٥٠

## ئەنجومەنی دادوەران هەینیی داهاتوو بە فایلی ئەتۆمیی ئێران رادەگا

ئەنجومەنی دادوەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی دانیشتنی دوو رۆژەی خۆی لە وییەن، رۆژی پێنج شەممە، ٢٢ی نوامبر دەست پێ دەکا. بە پێی راپۆرتەکان، سی‌و پێنج ئەندامی ئەم ئەنجومەنە لە دانیشتنی رۆژی هەینیی خۆیان دا، نوێترین راپۆرتی محەممەد ئەلبرادعی، سەرۆکی ئاژانس سەبارەت بە بەرنامەی ناوکیی ئێران تاوتوێ دەکەن.

محەممەد ئەلبرادعی لە راپۆرتەکەی دا کە ١٥ی نوامبر بڵاو کرایەوە وتی کە ئێران هەنگاوی گرنگی لە پێوەندی لەگەڵ ئاژانس دا هەڵێناوەتەوە، بەڵام ئێستاش پرسیارگەلێك سەبارەت بە چالاکییە ناوکییەکانی کۆماری ئێسلامی بێ وەڵام ماونەتەوە. لەو راپۆرتەدا هەروەها گوتراوە کە تاران لە جێبەجێ کردنی بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی هێمنایەتی لە پێوەندی لەگەڵ راگرتنی پیتاندنی یۆرانیوم لە ئێران دا خۆی بواردوە.

## نامەی سەرئاوەڵای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### بۆ بەرچاوی:

- بەڕێز جەنابی کاك مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- بەڕێز کاك عەدنان موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان
- بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
- ڕێکخراوە نێونەتەوەیییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ
- بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و سەرتاسەری جیهان

دەقی تەواوی ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" دایە.

## بەڕێوەچوونی کۆڕی پرسەو سەرەخۆشیی موقبیل هونەرپەژوهـ، قارەمانی شاخەوانیی کورد لە بنکەی دەفتەری



سەر لە بەیانیی رۆژی شەممە ٢٦ی خەزەڵوەر کۆڕی سەرەخۆشیی قارەمانی گەورەی کورد موقبیل هونەرپەژوهـ بە بەشداریی ئەندامانی رێبەرایەتی، کادرو پێشمەرگەو ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان‌و وەرزشکاران لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە سەرەتادا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەسەر کەسایەتیی ئەو قارەمانەی نەتەوەکەمان دوا. بەڕێز حەسەنزادە لە وتەکانیدا وێڕای ئاماژە بەو دەورە گرنگەی کە قارەمانەکانی مەیدانە جۆراوجۆرە وەرزشییەکان لە ناساندنی نەتەوەکەیان‌و شانازی خولقاندن بۆ ئەو هەیانە، ئاماژەی بەو بەشدارییە بەرینەش کرد کە خەڵکی شارە جۆراوجۆرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێورەسمی بەخاك ئەسپاردنی تەرمی ئەم لاوە قارەمانەدا نواندیان.

لە برگەیەکی دیکەی کۆڕەکەدا دوای پێشکێش کردنی پەخشانێك کە مامۆستا بێبەش بەم بۆنەیەوە نووسیبووی، پەیامی فیدراسیۆنی شاخەوانانی کوردستان لەلایەن شلێر باپیرییەوە خوێندرایەوە. پاشان پەیامی جەعفەر رەسووڵی قارەمانی تێکواندۆ لە تورکیەو پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکێش کران.

لە کۆتایی ئەو کۆڕەدا ئازاد هونەرپەژوهـ لەلایەن بنەماڵەی هونەرپەژوهەوە، و ێڕای سوپاس کردن لە حیزبی دێموکرات‌و تێکۆشەرانی سەبارەت بە رێکخستنی ئەم کۆڕە، لە بارەی لایەنەکانی کەسایەتیی موقبیل هونەرپەژوهـ بۆ بەشداران دوا.



وێنەی جەماوەری خەڵکی شاری بۆکان‌و باقی شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەکاتی بە خاك ئەسپاردنی تەرمی موقبیل هونەرپەژوهـ دا

## تەڤگەری چالاکانی مەدەنی ـ کۆمەڵایەتیی رۆژهەڵات لە دژی هەڕەشەکانی تورکیە بۆ پەلاماردانی هەرێمی کوردستان بانگەواز بۆ مانگرتن دەکەن



لە راگەیەندراوێك دا کە تەڤگەری چالاکانی مەدەنی ـ کۆمەڵایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە، داوا لە خەڵکی شارو گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کراوە بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتی لە هەڕەشەی پەلاماردانی هەرێمی باشووری کوردستان لەلایەن سوپای تورکیەوە رۆژی پێنج شەممە ١ی سەرماوەز دووکان‌و بازاڕەکان دابخەن‌و لە چوونە سەر کارەکانیان خۆ بپارێزن.

لەم راگەیەندراوەدا وێڕای ئاماژە کردن بە لایەنە مەترسیدارەکانی شەڕێکی ئەوتۆ لە ناوچەکەدا، پەلامارێکی ئەوتۆ بۆ سەر دەسکەوتەکانی کورد لە هەرێمی کوردستان بە لە ژێر پێ نرانی هەموو رێککەوتنامەو پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لە قەڵەم دراوە.

جێی خۆیەتی ئەم بانگەوازەی تەڤگەری چالاکانی مەدەنی - کۆمەڵایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەنگەوە هاتنی هەموو چین‌و توێژەکانی خەڵکی کوردستانی لێ بکەوێتەوەو ئەم جارەشیان لە دیمەنێکی دیکەی هاوپێوەندیی نەتەوەییدا رۆڵەکانی نەتەوەکەمان داکۆکی لە دەسکەوتە نەتەوەییەکانیان بکەن‌و داخوازە رەواکانی نەتەوەکەمان پتر لە هەرکات‌و بە دەنگی بەرز بێننەوە گۆڕێ.

هەر لەو کاتەش دا داواو چاوەڕوانیمان ئەوەیە ئەو حەڕەکەتە بە شێوەیەکی هێمنانە وەڕێ بخرێ‌و بیانوو نەدرێتە دەست هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی تا جارێکی دیکە رق‌و نەفرەتی خۆیان بە خەڵکی کوردستان نەڕێژن.

## خولی نوێی وتووێژەکانی ئێران ـ ئەمریکا بەڕێوە دەچێ



لە خولی دوایی وتووێژەکانی باڵوێزەکانی ئێران‌و ئەمریکا دا، دوو لایەن لە سەر ئەوە پێك هاتن کە بە پێك هێنانی کۆمیتەیەکی کاری، رێگاکانی چۆنیەتیی یارمەتی بە زیاد کردنی تەناهی‌و ئارامی لە عێراق تاوتوێ بکەن.

شایانی باسە ئەمریکا بەردەوام تارانی بەوە تۆمەتبار کردوە جگە لە دەستێوەردان لە کاروباری عێراق کە دەستی لە توندوتیژییەکانی ئەو وڵاتە دا هەیەو یارمەتی بە گرووپە مەزهەبییەکان بە تایبەت شیعەکان دەکاو داڵدەیان دەدا. هەر لەم پێوەندییەش دا تا ئێستا چەندین کەس لە فەرماندەرانی سوپاو نێردراوانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن سوپای ئەمریکا لە عێراق دەستبەسەر کراون.

مەنوچێهر موتتەکی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران وێڕای پێشوازی لە پێشنیاری خولی چوارەمی وتووێژەکانی ئێران‌و ئەمریکا گوتی کە ئەو وتووێژانە لە داهاتویەکی نزیك دا بەڕێوە دەچێ.

تا ئێستا باڵوێزەکانی دوو وڵات بە نێوبژیوانیی کاربەدەستانی عێراق لە بەغدا کۆبوونەتەوەو جارێکیش کارناسانی ئەو دوو لایەنە بۆ بەدواداچوونی رێککەوتنەکان پێکەوە دانیشتوون.

## ئێران: سەبارەت بە راگرتنی پیتاندنی یۆرانیوم تەنانەت وتووێژیش ناکەین

محەمەد عەلی حسێنی، وتەبێژی کاروباری دەرەوەی ئێران لە کۆنفرانسی چاپەمەنی حەوتوانەی خۆی دا کە رۆژی یەکشەممە ٢٧ی خەزەڵوەر لە تاران بەڕێوە چوو، پێداگریی کردەوە کە ئێران سەبارەت بە راگرتنی پیتاندنی یورانیوم تەنانەت وتوێژیش ناکا.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران گوتی راوێژکارانی خاویەر سولانا، بەرپرسی سیاسەتی دەرەکیی یەکیەتیی ئورووپاو سەعید جەلیلی، ئەندامی ئەنجومەنی بەرزی هێمنایەتیی نەتەوەیی پێکەوە دیدار بکەن بۆ ئەوەی بەستێنی چاوپێکەوتنی ئەو دووانە ئامادە بکرێ.

محەمەد عەلی حسێنی دووبارە لە سەر هەڵوێستی وڵاتەکەی سەبارەت بە گەڕاندنەوەی فایلی ناوکیی ئێران لە ئەنجومەنی هێمنایەتییەوە بۆ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی پێی داگرتەوەو وریایی دا کە دەرچوونی بڕیارنامەیەکی دیکە دژی ئێران، لە سەر هاوکاریی ئێران لەگەڵ ئاژانسی وزەی ناوکی شوێنەواری خراپ دادەنێ.

BBC

## تورکیە خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی دژی PKK بەکار دێنێ

: لە چوارچێوەی رێککەوتنی نێوان دەوڵەتانی ئێران‌و تورکیە دژی گەلی کورد، ئێران ئیزنی بەکارهێنانی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی دژی گەریلاکانی PKKی بە تورکیە داوە. هەر لەو پێوەندییەدا ژمارەیەکی زۆر سەربازی تورك بە ماشێن‌و مارك‌و ئاڵای تورکیەوە بە رێگەی ورمێ ـ مەهابادا بەرەو سنوورەکانی سەردەشت گوێزراونەتەوە.


نامەیەکی سەرئاوەڵا ٣




بەیاننامە: تەئیدی حوکمی عەدنان حەسەن پوور بڕیارێکی دژی ئینسانییە ٣



قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە رێوڕەسمی پرسەی موقبیل هونەر پەژووە دا ٣



وتووێژ لەگەڵ کاك ئەحمەد پادگانی ٥



سوسیال دێموکراسی چیە؟ ٩



ئاوڕێك لە هۆکارەکانی پەراوێز خرانی خەباتی جەماوەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان ١٠

# نامەیەکی سەرئاوەڵا

## بۆ بەرچاوی:

**- بەڕێز جەنابی کاك مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**- بەڕێز کاك عەدنان موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**
**- بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**
**- ڕێکخراوە نێونەتەوەیییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ**
**- بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و سەرتاسەری جیهان**

نیزیك بە ساڵێکە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ئاکامی پاوانخوازی و ڕەفتاری نادێمۆکراتیکی زۆرایەتیی ڕێبەری دا تووشی لەتبوون هاتوە. لە بەر ئەوەی بەشێکی زۆر لە کادرو ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان لە باشووری کوردستان دەژین و هەم بنەماڵەکان و هەم بنکەو بارەگاکانی حیزب و پێشمەرگە تێکەڵاو بوون، گیرو گرفتی سەرەکیی ئەو لەتبوونە جیاکردنەوەی ئەو بنەماڵەو بنکەو بارەگایانە بوو.

ئێمە بە ئاگادار بوون لەوە کە لایەنی بەرامبەرمان نە پێش لەتبوون و نە دوای لەتبوون ئامادەی هیچ چەشنە هاوکاری و ڕێککەوتن و تێك گەیشتنێك نەبووە، هەر لە یەکەم بەیاننامەدا چارەسەری ئەو گیرو گرفتەمان بە رەورووی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردەوەو بۆ هەر مەسەلەیەك و هەر کەمپێکی جێگای دانیشتنی ئەندامانی حیزبیش ڕێگاچارەی گونجاومان خستە بەرچاوی بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم.

بەڵام بە داخەوە کاربەدەستانی حکوومەت کەمتر بە دەنگمانەوە هاتن و لە ئاکام دا لایەنی بەرامبەر بە پێچەوانەی هەموو ڕێوشوێنێکی ئەخلاقی و ئینسانی کەوتە شەڕفرۆشی و ئاژاوەگێڕی و چەندین کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی بە چەقۆو گۆپاڵ و پێمەڕەو زۆر جۆرە چەکی ساردی دیکە بریندار کرد. تەنانەت لە کەمپی جێژنیکانی نیزیك شاری هەولێر چەند پێشمەرگەیەکی بێچەکی حیزبی ئێمەیان بە بەر چاوی ئەفرادی ئاسایش و زێرەوانییەوە دایە بەر دەسڕێژی چەکەکانیان. خەبەر و وێنەی بەرهەمەکانی ئەو کردەوە دزێوانە کاتی خۆی لە ڕۆژنامەو سایتەکان دا بڵاو بوونەوەو بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی ئەوانەی بە دوای مەسەلە سیاسییەکان دا دەچن، لێیان ئاگادار بوون.

بێ مەسئوولییەتیی لایەنی بەرامبەرو کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی حکوومەتی لە ناوچەی هەولێر کە لەوێ زۆرایەتیی ئەفرادی حیزبی(بە پێچەوانەی ناوچەی کۆیە) لەگەڵ ئەوانن، زەقترو بەرچاوتر خۆی نواندوە. ژمارەیەك بنەماڵەی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کەمپی جێژنیکان بوون. ئەوانە دوای ئەوەی چەندین جار کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری ئەفرادی لایەنی بەرامبەرو بێحورمەتییان پێکرا، ناچار بوون ئەو کەمپە بەجێ بێڵن. چونکە جێگایەکیش نەبوو ڕووی تێبکەن بەڕواڵەت بۆ ماوەی یەك حەوتوو لە خانوویەکی حکوومەتی لە بەحرکە نیشتەجێ کران. ئێمە بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتە پێشنیارمان کرد لە دوو کەمپی ناوچەی هەولێر، جێژنیکان کە گەورەترە بدرێ بە لایەنی بەرامبەرو دێگەڵە کە چووکترە بدرێ بە ئێمە کە لەلایەن کاربەدەستانەوە بە ڕێگاچارەیەکی مەعقوول دانرا. کەچی ماوەی زیاتر لە هەشت مانگە مەسەلەکە هەروا ماوەتەوەو ئەو بنەماڵانە هەر یەکەی لە تاقە ژوورێك دا دەژین، بێ حەمامو ئاشپەزخانەو تا ڕادەیەکی زۆریش بە بێ ئاو و کارەبا. بەڕاستی ژیانو گوزەرانی ئەو بنەماڵانە ویژدانی مرۆڤ ئازار دەدا.

لە نێو شاری هەولێر حیزبی دێموکرات خاوەنی چەند پارچە مڵك بووە. لە نێو ئەوانەدا دوو خانوو کە هەم بارەگای نوێنەرایەتییان تێدا بووەو هەم ماڵی نوێنەری حیزب کە ئەندامێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئێمە چەندین جار گیروگرفتەکەمان بردە لای کاربەدەستانی حیزبیو حکوومەتیو داوامان کرد ئەو مڵکانە لە نێو هەر دوو لادا دابەش بکەنو نەهێڵن گیروگرفتەکە تەشەنە بکا. بەداخەوە لێرەش دا کارێکیان نەکرد تا دوێنێ ٢٠٠٧/١١/١٢ کە مەئموورانی ئاسایش چوونو دەستووریان داوە ئەندامی دەفتەری سیاسیو کادرێکی دیکەی حیزبی لەو ماڵانە بچنە دەر. هاوڕێی ئەندامی دەفتەری سیاسی بە نیشانەی ناڕەزایەتی بە ژنو منداڵەوە چۆتە دەرێو ماڵەکەی بۆ بەجێ هێشتوون. دواتر ئەفرادی سەر بە لایەنی بەرامبەر کە لە هەڵوێستی کاربەدەستانی ئاسایش سەرچاوە روون بوون، دەستیان کردوە بە فڕێدانی کەلوپەلی نێو ماڵ بۆ سەر شەقامو کۆڵانو خەڵکی گەڕەکیش بە هاودەردیو داخو کەسەرەوە هاتوونە تەماشا.

ئێمە لە کاتێك دا گۆشەیەکی کەممان لە ڕەفتاری نامەسئوولانەی لایەنی بەرامبەرو کەم لوتفیی کاربەدەستان لە ناوچەی هەولێرمان خستۆتە بەرچاوی بیروڕای گشتی، داوا لە سەرۆکایەتیی هەرێم، سەرۆکایەتیی پارلمانو سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین هەڵوێستێکی بە پەلەو گونجاو بەرامبەر بەم گیروگرفتە وەربگرنو چەندی بکرێ زووتر ڕێگاچارەیەکی یەکجاریی بۆ بدۆزنەوە.

هەر لەو کاتەدا داوا لە حیزبو ڕێکخراو و کەسایەتییە نیشتمانییە کوردستانییەکانو ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و نوێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەین هەم سەردانی ئەو بنەماڵە لێقەوماوانەی ئێمە لە بەحرکە بکەنو هەم نفووزی خۆیان بەکار بەرن بۆ ئەوەی دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم زووتر گیروگرفتەکە چارەسەر بکەن. بە ئاواتی هەنگاوی بەرپرسانەی هەموو لایەك.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٨٦/٨/٢٢**
**٢٠٠٧/١١/١٣**

## دوکتور بێرنارد گرانژۆن بەداخبوونی خۆی لە لەتبوونی حیزبی دێموکرات دەربڕێ

### (بەڵگەیەکی دیکەی چەواشەکاریی لایەنی بەرانبەر سەبارەت بە داواکردنی پەیام بۆ کۆنگرەی چاردەی حیزب)



هەڵڵایەك کە لایەنگرانی بەڕێز هیجری سەبارەت بە مەسەلەی داوای پەیام لە حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە بۆ کۆنگرەی چاردەی حیزبەکەمان سازیان کردوە هەروا بەگوڕ و تین و بە هەمان چەواشەکاریی ڕۆژی هەوەڵەوە درێژەی هەیە کە تازەترین نموونەی وتارێکی کاك مستەفایە بەناوی "چۆن خەساری ئینشعابی ناو حیزبەکان کەم کەینەوە؟."

دوو خاڵی سەرەکی لە وڵامێکدا کە لە ماڵپەری کوردستان و کورد ماوەیەك لەمەوبەر لەم پێوەندییەدا دابوویەوەو جەختیان لەسەر کرابوو بریتی بوون لە:

١- هاوڕێیانی ئێمە لە شەففافییەتی تەواودا و بە وەبیرهێنانەوەی دووبارە و چەند بارەی ڕووداوی لەتبوونی حیزب و دەسنیشان کردنی بەڕوونیی سەرچاوەی دەعوەتەکە، داوای حیزب بۆ ناردنی پەیامیان بە حیزب و لایەنەکان گەیاندوە؛ ٢- ئەو نامەیەی ئەوەڵی ژاك فات زۆرتر بەرهەمی کەمپەینی ناپیرۆزی لایەنی ئەوبەر بۆ قەناعەت هێنان بە لایەنە فەڕانسەوییەکان بۆ پاشگەز بوونەوە لە ناردنی پەیام بۆ ئێمە بووە، نەك بەرهەمی موتالایەکی دروستی ڕووداوی لەتبوونی حیزب لەلایەن ناوبراوەوە.

گرینگ نیە تێکۆشانی "خەباتگێڕانە"ی لایەنی ئەوبەر لەو پێوەندییەدا هەتا کەنگێ درێژەی دەبێ و چی بە چی دەکا. بەڵام ئێستا کە بەداخەوە ئەو بەڕێزانە هەروا نان بەو مەسەلەیەوە دەخۆن و وەك یەکێك لە ئامرازەکانی گرژ کردنەوەی دۆخی نێوان دوو لایەن بەکاری دەبەن، سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز بۆ لای نامەیەکی نزیك دوو حەوتوو لەمەوبەری دوکتور بێرنارد گرانژۆن سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان و ناسراوترین و نزیکترین دۆستێك کە دوکتور قاسملووی ڕێبەرمان لەنێو فەڕانسەییەکاندا هەیبوو ڕادەکێشین کە ناوبراو لەگەڵ ناردنی پەیام بۆ کۆنگرەی چاردەی حیزبەکەماندا ئەو چەند ڕستەیەشی نووسیوە .

چەند ڕستەیەك کە بەڵگەی ئەو ڕاستییەن کە نە چەواشەکاریی لایەنی ئەوبەر سەبارەت بەوە کە ئێمە بە ناوی وانەوە داوای پەیامان کردوە هیچ بنەمایەکی مەعقوولی هەیە و نە هەموو دۆستێکی ئوروپاییش دەکەوێتە داوی ئەو جەوسازییە کە ئەوان لە فەڕانسە وەڕێیان خستووە.

**دۆستانی خۆشەویست!**

زۆر سپاستان دەکەم کە ئەوەندە متمانە بە من دەکەن کە هۆکارەکانی لێك دابڕانتان وەها بە وردی بۆ ڕوون کردوومەوە. بێشك دەزانن کە مەوقعییەتی من ڕێگام پێ نادا کە لای هیچ لایەنێکتان بگرم و بەوەندە قەناعەت دەکەم کە هەروەك ئێوە بۆخۆتان لەو لەتبوونە بەداخن، ئەمنیش بەداخبوونی خۆم ڕادەگەیەنم. لەتبوونێك کە تەنیا ڕوڵی حیزبی دێموکڕات لە سەردەمێکدا کە مەسەلەی کورد زۆر پێویستی پێیەتی لاوازتر دەکا .

هەربۆیە بۆخۆم و باقیی هاوڕێیانم لە ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان ئاواتەخوازین کە هەرچی زووتر هەردوولاتان بتوانن ڕێك بکەونەوە و هەقیقەتێکی بەرزتر سەرلەنوێ کۆتان بکاتەوە .

ئێوە دەبێ لەو ئیدئالانەی کاری بەکۆمەڵ دەرس وەربگرن کە دوکتور قاسملوو دیفاعی لێ دەکردن، ئەو ئیدئالانەی قاسملوو گیانی لەسەر دانان .

لەگەل دەربڕینی هەست و سۆزی زۆر دۆستانەم
دوکتور بێرنارد گرانژۆن
7ی نوامبری 2007

# بەیاننامە:

## تەئیدی حوکمی عەدنان حەسەن پوور بڕیارێکی دژی ئینسانییە



دوای نزیك بە ١٠ مانگ لە گیرانی عەدنان حەسەن پوور ڕۆژنامەوانی کورد لە کاتێکدا کە باری لەشساغیی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە مەترسی دەکەوێ، شوعبەی ٣٢ی دیوانی بەرزی وڵاتی کۆماری ئیسلامی، حوکمی ئیعدامی ناوبراوی کە ڕۆژی ١٦ی پووشپەری ١٣٨٦ی هەتاوی لە دادگای شۆڕشی مەریوان دەرچوو، پەسەند کردەوە. لە ماوەی نزیك بە ٤ مانگ دا کە لە دەرچوونی یەکەم حوکمی عەدنانی حەسەن پوور تێدەپەڕێ، دەیان ڕێکخراوەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و هەروەها یەکیەتیی ئورووپا ئەو بڕیارەیان مەحکووم کردو داوایان لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کرد کە ئەو حوکمە هەڵوەشێنێتەوە. تەنانەت ڕێکخراوەی هەواڵنێرانی بێسنوور ئەو بڕیارەی بە شوورەییو ئابرووبەر ناساند، بەڵام بەرپرسانی قەزایی ڕێژیم نە تەنیا بڕیارەکەیان پەسەند کردەوە، بەڵکوو لەو ماوەیەدا ئیزنیان بە پارێزەری ناوبراویش نەدا کە چاوپێکەوتنی دەگەڵ هەبێ. دوکتوور ساڵحی نیکبەخت پارێزەری عەدنان حەسەن پوور ڕای گەیاند کە بە پێچەوانەی ئاییننامەی ئیداریی کاروباری زیندانەکانو هەروەها بە پێچەوانەی بڕیاری سەرۆکی دەزگای قەزایی، مەجالی چاوپێکەوتن دەگەڵ عەدنان حەسەن پووریان پێ نەداوە. نیکبەخت هەروەها ڕای گەیاند کە ئەگەر تەواوی ئەو تۆمەتانەی دەپاڵ عەدنانی حەسەن پوور دراون ڕاستیش بن، دیسان هیچ کامیان ناچێتە چوارچێوەی تاوانی "محاربە"و سزای ئیعدام نای گرێتەوە.

پەسەند کردنی ئەو حوکمە ناڕەوایە دوور لە چاوەڕوانی نەبوو. لە ١ مانگی ڕابردوودا گوشار خستنە سەر ڕۆژنامەوانان و چالاکانی مەدەنی و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوون دا بوو. هەواڵی گیران و دەست بە سەرکرانی ئەو چالاکانە بۆ بە بەشێك لە هەواڵە ڕۆژانەکانی نێوخۆی وڵات . ئێمە وێڕای مەحکوم کردنی ئەو بڕیارە دژی ئینسانیە، داوا لە هەموو کۆڕو کومەڵە ئازادیخوازەکانو ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەکەین بۆ هەڵوەشاندنەوەو پێشگیری کردن لە بەڕێوەچوونی ئەو بڕیارە هەوڵ بدەن و زیاتر لە جاران فشار بخەنە سەر بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی. دەبێ تەواوی ئەو بڕیارانە کە تەنیا بە تاوانی جودابیری دەرچوون هەڵوەشێنرێتەوەو چی دیکە چالاکانی سیاسیو مەدەنی لەگەڵ زیندانو ئەشکنجەو ئازار بەرەوروونەکرێن.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٩ی خەزەڵوەری ١٣٨٦ی هەتاوی**
**١٠ی نوامبری ٢٠٠٧ی زایینی**

# هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ

# هەواڵەکان

## سەردانی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە عەزیز محەمەد کەسایەتیی ناوداری کورد

ڕۆژی چوارشەممە ٣ی خەزەڵوەر هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان عەبدوڵڵا حەسەن زادە کەسایەتیی ناوداری سیاسی، کەماڵ کەریمی، عومەر باڵەکی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، حوسێن مەدەنی ئەندامی راوێژکاری دەفتەری سیاسیو خالید وەنەوشە لێپرسراوی پێوەندیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر سەردانی کەسایەتیی ناوداری کورد عەزیز محەممەدیان لە ماڵی خۆی کرد. لە دانیشتنەکەدا کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراستو کێشەی دەوڵەتی تورکیە و pkkو پرسی هەڕەشەی هێرشی سوپایی تورکیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و کێشەکانی پێوەندیدار بە لەت بوونی حیزبخرانە بەر باس.

## چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان

ساعت ١٠ی سەر لە بەیانی رۆژی ٢٣ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوون لە بەرێزان عەبدوڵڵا حەسەن زادە کەسایەتی ناوداری سیاسی، کەماڵ کەریمیو عومەر باڵەکی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، حوسێن مەدەنی ئەندامی راوێژکاری دەفتەری سیاسیو خالید وەنەوشە لێپرسراوی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستانیان لە هەولێر کرد، کە لە لایەن بەڕێزان هاورێ کماڵ شاکر سکرتێری یەکەمی حیزبی شیوعیی کوردستان، هاورێ مامۆستا رەوەند ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، هاورێ ئەحمەد شیروانی بەرپرسی پێوەندیەکانی ناوەندی، هاورێ سەلیم سوور ئەندامی سەرکردایەتی، هاورێ دوکتور محی‌الدین ئەندامی سەرکردایەتی، هاورێ ئازاد بختیار ئەندامی مەکتەبی پێوەندییەکانی ناوەندی پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا باسی دۆزی ئەمرۆی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو شەڕ فرۆشییەکانی ئێستای دەوڵەتی تورکیەو هەرێمی کوردستانو هەڵوێستەکانی کورد بە نیسبەت هێرشی تورکیە بۆسەر کوردستانو باسێکی تایبەتیش لەسەر کێشەکانی دوای لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو مەسەلە هەڵپەسێردراوەکان لە سنوری هەولێری پایتەختی کوردستانو رووداوەکانی ئەو چەند رۆژە کە لەلایەن ئاسایشو لایەنی بەرامبەر بەماڵی هاورێیانمان لە هەولێر رووی‌دا، کرا.

## بوکان: لە رێورەسمێکی کەم وێنەدا تەرمی موقبیل هونەر پەژوه بە خاك سپێردرا

روژی هەینی ٨٦/٨/٢٥ تەرمی شاخەوانی لاوی کورد و ئەندامی تیمی میلليی شاخەوانیی ئێران موقبیلی هونەرپەژووه، لە رێورەسمێکی بەشکۆدا لە چیای بەردەزەرد بە خاك سپێردرا.

چەندین پەیام لەو رێورەسمە بەشکۆیەدا خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە:
- پەیامی سپاس و پێزانینی بنەماڵەی هونەرپەژووه
- پەیامی سەرەخۆشیی ئوستانداری ورمێ
- پەیامی فەرمانداری بۆکان
- پەیامی سەرۆکی فێدڕاسیۆنی شاخەوانیی ئێران
- پەیامی نوێنەری بۆکان لە مەجلیس

شایانی باسە هەیئەتی شاخەوانانی بۆکان بەڕێوەبەری ئەو رێورەسمە بوون و جگە لە خەڵکی شاری بۆکان، شاخەوانانی شارەکانی مەهاباد، سنە، کرماشان، نەغەدە، ورمێ و هەروەها سەرۆکی فێدڕاسیۆنی شاخەوانانی ئێران و ئەندامانی تیمی میللیی شاخەوانیی ئێران، ئەنجومەنی بانوان، ئەنجومەنی داکۆکیکارانی ژینگەو ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی بۆکان بەشدار بوون.

پێویستە بگوترێ بە دوای بە خاك سپاردنی تەرمی موقبیل، مەلەوانگەی هەڵکەوتوو لە مەیدانی فووتباڵ لە لایەن ئوستاندار، فەرماندارو مودیری تەربیەت بەدەنیی بۆکانەوە بە ناوی موقبیل کرا.





## سزای زیندان بۆ لاوێکی هونەرمەند بڕایەوە

بەپێی زانیارییەکان لاوێکی هونەرمەندی مەریوانی بە ناوی سەرۆك ئەرجومەندی کە لە سەرەتاکانی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵدا بە تاوانی هاوکاریکردن لەگەڵ حیزبێکی کوردستانی دەسبەسەر کرابوو، لەلایەن دادگای شۆرشی ئیسلامی لقی مەریوانەوە، ٥ ساڵ زیندانی تەعلیقیو ٥ مانگ زیندانی تەعزیریی بەسەردا سەپاوە.

## حوکمی ئێعدامی عەدنان حەسەنپوور تەئید کرا

دیوانی بەرزی وڵات لە ئێران حوکمی ئیعدامی عەدنان حەسەن پور، چالاکی مەدەنیی کوردی تەئید کردو حوکمی ئیعدامی هیوا بوتیماری رەت کردەوە.

عەدنان کە رۆژنامەنووسەو لە حەوتوونامەی داخراوی ئاسۆ کاری کردوەو هیوا بووتیمار کە ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی نادەوڵەتیی "سبز چیا" بوو کە بڵاو کراوەیەکیشیان بەو نێوە دەردەکرد، ١٠ مانگ پێش ئێستا لەلایەن هێزە ئەمنیەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە مەریوان دەسبەسەر کران.

ساڵح نیکبەخت پارێزەری عەدنانو هیوا وێڕای پشت راست کردنەوەی ئەو هەواڵە رایگەیاند سەبارەت بە حوکمی عەدنان نارەزایەتی دەردەبڕێو هەوڵەکانی بۆ لابردنی حوکمی ئیعدام لە سەر عەدنان درێژە پێ‌دەدا.

## کۆچی دوایی کەسایەتیی ئایینی شێخ عوسمان نەقشبەندی

رۆژی پێنج شەمۆ ١٧ی خەزەڵوەر کەسایەتیی ئایینی شێخ عوسمان نەقشبەندی بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. شێخ عوسمان کوڕی شێخ جەلالەدین، کوڕی شێخ عارف، کوڕی حاجی شێخ مستەفای نەقشبەندی بوو کە لە شاری سەقز دامەزرێنەری خانەقای حاجی شێخ مستەفا، بەناوبانگترین خانەقای کوردستانە.

شایانی باسە تەرمی شێخ عوسمانی نەقشبەندی لە خانەقای شاری سەقز لە تەنیش باوکو باپیرانی‌دا بەخاك سپێردرا.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشیی خۆمان پێشکێشی بنەماڵەی بەرێزی خوالێخۆشبوو و هەموو پەیرەوانی تەریقەتی نەقشبەندی دەکەینو خۆمان لە خەمو پەژارەیان دا بە شەریکو دەزانین.

## دەرکردنی حوکمی زیندانی بۆ چەند هاووڵاتییەك

ماوەی دوو مانگ لەمەوبەر چەند هاووڵاتییەکی دێولانی بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکان لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە دەستبەسەر کرابوون کە لە رۆژانی رابردوو دا هەر کەسەی یەك ساڵ زیندانی "هەڵپەسێردراو"یان بەسەردا سەپاندوون. ئەو هاووڵاتییانە بریتین لە:
١ـ ئەفشین حوسێن پەناهی
٢ـ سیروان حوسێن پەناهی
٣ـ بەدیع حوسێن پەناهی
٤ـ مەسعود حوسێن پەناهی
٥ـ فەرزاد حوسێن پەناهی
٦ـ ئارمان حوسێن پەناهی

ل ١١

# بەڕێوەچوونی کۆڕێکی سیاسی بۆ کاك خالید عەزیزی




رۆژی سێ‌شەممە ١٦ی خەزەڵوەر کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ کاك خالید عەزیزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە ژێر ناوی تاوتوێی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی رێبەرایەتیو کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لە بنکەی دەفتەری سیاسی پێك هات.

کاك خالید وێڕای ئاماژە کردن بە پێویستیی ئاشتیو ئارامیی جیهانیو ناوچەیی، گوتی ئاسایشو ئەمنییەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دابین بوونی مافەکانی گەلی کوردەوە گرێ دراوە.

عەزیزی لە درێژەی باسەکەی‌دا هاتە سەر مەسەلەی داهاتووی ئێرانو گوتی: رادەی ئامادەییو توانایی ئێمە سەنگو قورسایی گەیشتن بە مافەکانمان لە ئێرانی داهاتوودا دیاری دەکەنو هەروەها هەر ئاڵوگۆڕێكو تەنانەت ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێرانیش مەرج نین بە قازانجی ئێمە کۆتاییان پێ بێ. ناوبراو لە کۆتایی وتەکانی‌دا پێداگری لەسەر قازانجی چالاکی مەدەنیو رێکخراوەیی لە نێوخۆی وڵات دا کردەوە کە لەلای رۆژئاواییەکانیشەوە گرینگی خۆی هەیە.

کۆبوونەوەکە بە پرسیاری ئامادەبووانو وەڵامی پێویست لە لایەن کاك خالید عەزیزییەوە کۆتایی پێ‌هات.

## ئوتریش: بەشداریی نوێنەرایەتیی رێکخراوی کولتووری، ئەدەبیو فەرهەنگیی کوردی وییەن لە سیمیناری "راگەیاندنو شێوەکانی"

محەمەدی فەقێ عەلی بەرپرسی رێکخراوی کولتوری، ئەدەبیو فەرهەنگیی کورد لە شاری وییەنو بەشی راگەیاندنی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش، بە نوێنەرایەتی لەلایەن رێکخراوی ناوبراوەوە لەو سیمینارەدا بەشدار بوو.

ئەم سیمینارە بۆ باشتر ناسینی شێوەکانی راگەیاندن لە هەموو بوارەکانی چاپیو ئینتێرنێتیو رادیۆییو تەلەویزیۆنی دا بوو کە دوو رۆژی خایاندو ئەم رێکخراوانە تێیدا بەشدار بوون:



— رێکخراوی کولتوری، ئەدەبیو فەرهەنگیی کورد
- پان ئافریکام فۆرم
— یەکیەتی دێموکراتی تورکەکانی ئوروپا
- کێشەی کولتوری
- ناوەند
— رێکخراوی هێندو ئوتریشییەکان بۆ باشتر لێك تێگەیشتن
— رێکخراوی لاوانی موسڵمان
— رێکخراوی ئار ـراشید نیجریە
- رێکخراوی ئوتێ بۆك بۆ کاروباری پەنابەران
— رێکخراوی کولتوریی ئەفریقاو ئەمریکای لاتین
— سیڕدە ئاوستریا بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لە ئیسلامو کولتوری ئیسلام
— رێکخراوی وییەن بۆ گونجانو حاوانەوە لە کۆمەڵی ئوتریشی‌دا
- ناوەندی تازە کردنەوەی کۆمەڵ
- رادیۆ تەلەفزیۆنی ئەفریقا

پێویستە بگوترێ کە لە ماوەی ئەم دوو رۆژەدا باسێکی تێرو تەسەل لە سەر خاڵەکانی پەیوەندیدار بەم سیمینارەوە کراو چەندین پسپۆرو لێزانیش لە بوارەکانی جۆراوجۆری راگەیاندنو ئاخاوتن دا زانیاریی پێویستیان بە بەشدارانی ئەم سیمینارەدا کە بەشێکیان بریتی بوون لە:

— خاتوو سەحەر چاکیر سەرنووسەری رۆژنامەی تورکی ئۆنەری
- چیبوێزی ئودانی پرۆفسۆری بەشی کولتورو ئاخاوتن لە دانیشگای سالتسبورگی ئوتریش
- فرانتس باوەر رۆژنامەنووس لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئوتریش "ترەندو پرۆفیل"
— فرەدریکۆنیر فیشەر لە کاروباری ئاخاوتنو کولتوری ئاخاوتنو کارزانی بەشی راگەیاندنو بەرپرسی ئاژانسی هەواڵنێری ئینتەرپرێس سێرویس
— خاتوو مارتینا لێنگاوەر لێپرسراوی ئەنیستستۆی راگەیاندن لە دانیشگای وییەن
- ئێریش کۆچینا رۆژنامەنووس لە رۆژنامە دی‌پرێسێ
- دوکتوری هایدی ڤاینهۆیپڵو ماریا شتێرکڵ لە رۆژنامەی دێرستاندارد. ات.
— دوکتور مارکوس مولەر لە رادیۆی کاناڵی یەکی ئوتریش
— ئامیرا ئاواد لە تەلەفزیۆنی پۆلس تیڤی وییەن.

## شەقامێك لە هەولێر ناوی نرا شەقامی قاسملوو

لە چەند رۆژی رابردوودا یەکێك لە شەقامە گرینگەکانی شاری هەولێری پێتەختی کوردستان ناوی "قاسملووی" لە سەر دانراوە.

ماڵپەری خۆرهەڵات نیوز کە ئەو هەواڵەی بڵاو کردۆتەوە، دەنووسێ: ئەو شەقامە لە بەرزە پردی "شەهید ئەکرەم مەنتك"و لە یاریگای " شەهید فرانسۆ هەریری" تا پشت کۆلێژی ئادابو گەراجی بەغدا درێژ دەبێتەوەو هەر دوو شەقامی سەرەکیی ٦٠ مەتریو ١٠٠ مەتری بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

پێویستە بگوترێ پێشتر لە شاری سلێمانیش شەقامێك بە نێوی شەهید قاسملوو کراوە.

## نارەزایەتی بەرینی کوردەکانی دانیشتوی وڵاتی ئوتریش بە دژی لشکرکێشیەکانی تورکیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان

لە رێکەوتی ٢٠٠٧/١١/١٠ بە هاوکاری و پشتیوانی زۆربەی رێکخراوە کانی کوردی و کاروباری کوردان لە بوارەکانی جۆراوجۆردا کۆمەڵەی کوردی "فایکۆم " رێپێوانێکی ئارامی لە مەیدانی بەر دەرکی ئۆپێرای شاری وییەن تا بەردەکی سەفارەتی تورکیە لە شاری وییەن پیتەختی وڵاتی ئوتریش پێک هێنا.

پیویستە بگوترێ کە هەزاران کەس بەشداری ئەم رێپێوانەیان کرد. جێگای باسە کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە شداریی چالاکانەیان لەم خۆپێشاندانەدا کرد. پەیامنێر و هەواڵدەریەکان بە شێوەیەکی بەچاو بەشدارییان کردو لە تەواوی ئەم رێپێوانەدا خەریکی ئامادەکردنی هەوڵ وراپۆرت وتوێژ بوون.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە ڕێوڕەسمی پرسەی موقبیل هونەر پەژووە دا:

# میللەتێك ئەوەندە زیندوو بێ کە ئاوا پاداشی ڕۆڵەکانی بداتەوە. ،هەقیەتی ئازاد بێ، هەقیەتی ناوی خۆی هەبێ، هەقیەتی ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ئاڵای خۆیەوە قارەمانەکانی لە پێشبڕکێیەکانی وەرزشی لە هەموو بوارەکاندا بەشدار کا

**دۆستانی خۆشەویست، برای بەڕێز کاك ئازادی هونەر پەژووە، ئامۆزاو ڕەفیقی قارەمانی جوانەمەرگی شاخەوانی، خوشكو برایانی بەڕێز:**

ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ئەوەیە کە هەم خەمی لەدەست چوونی لاوێك کە لە بەرە بەرەی عومرداو بە یەك دنیا ئارەزووەوە کۆچی دوایی کردو خواحافیزیی لێ کردووین لە نێو خۆمان دابەش کەین و هاوخەمی و هاودەردی لەگەڵ ئەو هاوڕێ بەڕێزەمان و لەگەڵ بنەماڵەکەی بکەین، هەم بۆ ئەوەیە کە ڕێز لەو کەسانە بگرین کە بۆ میللەتی خۆیان دەژین، ناوی میللەتی خۆیان بەرز دەکەنەوە. بەداخەوە هەمووی چوار ساڵو سێمانگ پێش ئێستا بوو کە قارەمانێکی دیکەی میللەتی کورد هەر لەو ڕشتەی شاخەوانیەدا سەری نایەوە.

محەممەدی هەوراز، قارەمانی بەناوبانگی شاخەوانی، کە چەند ساڵ پێشتریش ئەو لوتکەی ئێوریستە کە کەمتر قارەمانێکی شاخەوانی توانیویانە تەسخیری بکەن ئەو فەتحی کرد. چونکی عەلاقەیەکی زۆری وەك بنەماڵە بە کوردو میللەتەکەی خۆی هەبوو، دواتر مەعلوم بوو کە لەو وەختەدا بەداخەوە ئاڵای کوردستانی پێ نەبووە بەڵام سروودی" ئەی ڕەقیبی" خوێندوە. "موقبیل"یش دەزانین کە لەو گەشتەدا لەو فەتحەدا کە بەداخەوە بە ناتەواوی مایەوە دەگەڵی بوو. زۆر جێی سەرنجە کە محەممەد هەوراز لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٢دا دەیهەویست فەتحێکی تازە بەدەست بێنێ ، ئیفتیخارێکی دیکە بۆ میللەتەکەی کەسب بکا. موقبیلی هونەر پەژووهیشی لە تەنیشت بوو کە تووشی حادیسە بوون. بەداخەوە ئەو هەر لەدەست چوو، بەڵام موقبیل مایەوە لەگەڵ ئەوەی زیانی پێگەیشتبوو بۆ ئەوەی ڕێگەکەی ئیدامە بدا.

موقبیل هەر لە دوای ئەوەی نەبوو کە ناوی خۆی بەرز کاتەوەو خۆی بە نێوبانگ بکا، دەیویست ناوی میللەتەکەی بەرز بێ. موقبیل لە فیکری ئەوە دا بوو کە ئەگەر بۆی بگونجێ بێتە باشووری کوردستان بۆ ئەوەی کە ئەگەر چوو قوللەیەکی فەتح کرد بە ناوی میللەتی خۆیو ئاڵای میللەتی خۆی بچێ. زۆر ناخۆش بوو کە مەرگی ناوەخت ئەو دەرفەتەی پێنەدا. موقبیل لەسەر تەوسیەی خۆی بووە، لەسەر وەسێتی خۆی بووە یان لە سەر پێشنیاری دۆستانو ئیحتمالەن هاوکارانی بووە، لە لوتکەی بەردەزەرد کە هەر لەوێش تووشی حادیسە بووە لەوێ نێژرا. بۆ ئەوەی دیسان ڕۆحی لە بەرزی بێو بەرزیو بەرزەفڕی بکاتە سەرمەشق بۆ ڕەفیقەکانی، بۆ ئەوانەی کە لە دوای وی ئەو هونەرەو ئەو وەرزیشە دەگرنە پێشەوە. دوێنێ لە شاری بۆکانێ ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردنی



موقبیلی هونەرپەژووە بەڕێوە چوو، بە هەزاران کەس لە هەموو شارەکانی کوردستانو دۆستانی لە شارەکانی دیکەی ئێران لەو مەراسیمەدا بەشدار بوون. ئەمن زۆر نازانم بەڵەدی نیم بەڵام لوتکەی بەردەزەردی لە جادەوە وەك باس دەکەن چوار پێنج کیلۆمیتر دوورە، بەڵام بە هەزاران کەس لە ژنو پیاو تەنانەت منداڵ بە پێیان لەو لوتکەیە سەرکەوتوون. بۆ ئەوەی ئەمەگی خۆیان بە ڕۆڵەیەکی ئاوا نیشان بدەن. ئەوە بۆ من بەش بەحاڵی خۆم نوختە ئومێدێکە، میللەتی ئێمە گەیوەتە ئەو جێیەی کە قەدری ڕۆڵەکانی دەزانێ. ئەو هاوپێوەندییە، ئەو هاودەردییە، نەك هەر بۆ بنەماڵەی ئەو قارەمانە لەدەست چووە تەسەللایەکە، تەسکینێکە بەڵکوو بۆ هەموو کوردێك بۆ هەموو ئێمە کە خەباتکەری ڕێگەی ئازادیین نوختە ئومێدە. میللەتێك ئەوەندە زیندوو بێ کە ئاوا پاداشی ڕۆڵەکانی بداتەوە. هەقیەتی ئازاد بێ، هەقیەتی ناوی خۆی هەبێ، هەقیەتی ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ئاڵای خۆیەوە قارەمانەکانی لە پێشبڕکێیەکانی وەرزشی لە هەموو بوارەکاندا بەشدار کا.

بەراستی شانازییە بۆ لاوێك کە تەنیا لە عومری ٢٤ ساڵیدا ئاوا جێی خۆی لە نێو میللەتی خۆیدا دەکاتەوە. شانازیشە بۆ دایكو بابێك کە ڕۆڵەی ئاوا لە باوەشی خۆیاندا پەروەردە دەکەنو شانازییە بۆ میللەتێك کە هەم ڕۆڵەی ئاوای هەیە، کە ناوی میللەتەکەیان بەرز بکەنەوە، سەری میللەتەکەیان بەرز بکەنەوە هەم لە عەینی حاڵیش دا وەفادارن بەو ڕۆڵانەیان، قەدریان دەزانن، ڕێزیان بۆ دادەنێن.

لە موناسبەتێکی ئاوا ناخۆش دا، خەماویدا، هەر ئەوەندەمان لەدەست دێ کە سڵاو لە ڕۆحی پاکی موقبیلو هەورازو هەموو ئەوانە کە بۆ میللەتی خۆیان دەژین، بۆ میللەتی خۆشیان دەمرن، بە سەربەرزی دەژینو بە سەربەرزی خوداحافیزی لە گەلو وڵاتەکەیان دەکەن بنێرین. لە جیاتی هەموومان سەرەخۆشی لە دایكو بابو خوشكو براو مامو ئامۆزاو هەموو بنەماڵەی هونەر پەژووە بکەین کە یەکێك لە بنەماڵە هەرە بەڕێزەکانی مەنتەقەی بۆکانو هەموو کوردستانو پێیان بڵێین سەرەخۆشیتان لێ دەکەین. بەڵام بۆ یەکەم جار با ئێمەش بڵێین پیرۆزباییشتان لێ دەکەین کە ڕۆڵەی ئاواتان هەبوو. نەك بە مردوویی کوڕی هەموو کەس بوو، کوڕی میللەتی خۆی بوو، بەڵکوو هەر بە زیندوویی ببوو بە جێگەی فەخرو شانازیی میللەتی خۆی هەر بۆیەش لە ڕۆژی مردنیشیدا لە بە خاك سپاردنیشیدا ئەو میللەتە ئاوا خرۆشا.

ئارەزووم ئەوەیە، ڕێگەی محەممەد هەورازو موقبیلی هونەرپەژووە هەم لەو ئاواتە بەرزە ئینسانیەدا کە هەیانە، یان هەیانبوو بۆ میللەتەکەیان، ڕێگەکەیان بەردەوام بێ، هەم لەم وەسیلەیەدا کە ئەوان گرتبوویانە پێشێ بۆ بەرز کردنەوەی ناوی میللەتەکەی خۆیان، لەوەشدا ڕێگەیان بەردەوم بێ. ڕەنگە جاری دیکەم گوتبێ بەڵام تیکراری دەکەمەوە خەم هەر چەندی قورس بێ تەواو دەبێ بەڵام وەزیفە، پەیام، ڕەسالەت، نابێ تەواو بێ. ئێمە هەموومان دەبێ ڕێگە عامەکە، کە ڕێگەی سەربەرزیو ئازادیی میللەتەکەمانە بگرینە پێشێ. بەڵام لاوان، هاوتەمەنان، هاوکارانی هەورازەکانو هونەرپەژووەکان دەبێ لەو بوارەشدا کە تەخەسوسو پسپۆڕیی وان بووە ڕێگەکەیان ئیدامە بدەن. بەو وەسیلەش سەری خۆیان بەرز بکەنەوە. روحی ئەو ئازیزەو هەموو ئەوانەی لە ڕێگەی میللەتی خۆیاندا دەمرن شاد بێ. ئێوەشو بە تایبەتی کەسو کاری ئەو جوانەمەرگە لەدەست چووە ساخو سڵامەت بن.




# ڕاگەیەنراوی فیدراسیۆنی شاخەوانیی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی موقبیل هونەرپەژووە

بێگومان لەو سەردەمەی ئێستادا وەرزش دەتوانێ بەقەد سیاسەتو بگرە زیاتریش لە ناساندنی گەلان دا ڕۆڵ بگێڕی. چەندە دیپلۆماتێكو سەرکردەیەکی سیاسی دەتوانێ ناسێنەری وڵاتو نەتەوەی خۆی بێ ڕەنگە وەرزشوانێك زۆر زیاتر بتوانێ لەم بوارەدا کاریگەریی هەبێ.

ئەگەر ئەمڕۆکە بەهۆی جەبری مێژووو بێ بەختیی کوردان، نەتەوەیەکی ٤٠میلیۆنیی وەك کورد لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ کورسیو بێ ئاڵایە، لە بەرامبەردا هونەرمەندانی کورد توانیوانە لە گۆڕەپانی جیهان دا سەرێکیان لە ناو سەران دا هەبێو هونەری کوردی لە زۆر بواردا بگەیەننە ئاستێکی جیهانیو وەرزشوانانی کوردیش خەریکە لە هەموو بوارەکان دا دێنە ناو گۆڕەپانەکەوەو بە دڵنیاییەوە ئەگەر سووکە پشتگیرییەکیان لێ بکرێ دەتوانن ئاڵای کورد لە پایتەختی زۆربەی وڵاتانی جیهان دا بشەکێننەوە.

ماوەی چەند ساڵێکە کە شاخەوانانی کوردستان توانیویانە بگەنە ئاستێکی بەرزو بەتایبەت هەردوو شاخەوانی کۆچ کردوو و ناودار "محەمەد هەوراز"و"موقبیل هونەرپەژووە" توانیبوویان بە بڕینی زۆربەی شاخە سەختو بەرزەکانی جیهان، خۆیان وەك دوو شاخەوانی کورد بە جیهان بناسێننو بە دڵنیاییەوە ئەگەر مەرگ مەودای پێدابان دەیاتوانی دوایین ئاواتیشیان وەدی بێننو ئاڵای پیرۆزی کوردستان بگەیەننە سەر هەموو لوتکە بەرزەکانی جیهانو بە هەموو جیهان بسەلمێنن کە کورد خاوەنی ئاڵاو شایانی دەوڵەتە.

"موقبیل هونەرپەژووە" لە ساڵی ٢٠٠٢دا، بە سەرکەوتن بە سەر لوتکەی چیای لوتسە لە وڵاتی نیپال، ناوی خۆی وەك کەم تەمەنترین شاخەوانی جیهان کە توانیوێتی لەو چیایە وەسەرکەوێ تۆمار کردو تا ئەمڕۆکەش ئەم ڕێکۆردە جیهانییە هەر بەناوی ئەم شاخەوانە کوردەوەیە.

چوار ساڵ لەمەوبەر "محەمەد هەوراز" بەهۆی کەوتنە بە هەرەس لە شاخی گاشربرومی پاکستان کۆچی دوایی کردو "موقبیل هونەرپەژووە"ی هاوڕێی بە سەختی بریندار بوو. موقبیل پاش چاك بوونەوە سەر لەنوێ دەستی کردەوە بە شاخەوانیو وەك ئەندامو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی نیشتمانیی ئێران درێژەی بە چالاکییەکانی دەدا.

بەداخەوە "موقبیل هونەرپەژووە " ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/٦ لە کاتی تەمرینی ڕەوزەوانی لە شاخی بەردەزەردی بۆکان بەهۆی کەوتنە خوارەوە لەو شاخە ڕەوانەی نەخۆشخانەی "عارفیان"ی شاری ورمێ کراو پاش ٩ ڕۆژ بێهۆشی، دوو ڕۆژ لەمەوبەر، کاتژمێر ١:٣٠ بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١١/١٥ لە نەخۆشخانەی ئامادەپێکراو کۆچیدوایی کرد.

فیدراسیۆنی شاخەوانیی کوردستان، وێڕای دەربڕینی خەمو پەژارەی خۆی بە لە دەست دانی ئەو شاخەوانە ناودارەی کورد، پرسەو سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی هونەرپەژووەو هەموو شاخو شاخەوانو وەرزشوانانی کوردستان دەکاتو خۆی بە خاوەنی پرسە دەزانێت.

فیدراسیۆنی شاخەوانی کوردستان

**ئەحمەد بادکانی ( پادگانی ):**

# دوای کۆنگرەی سیانزە ئەو بەرادەرانەی کە هاتنە سە تحی ڕەهبەری هونەری ئەوەیان نەبوو کە بتوانن موخالیفانی خۆیان جەزب بکەن

هەڤپەیڤین: ڕەحمان حەیدەری

**کاك ئەحمەد جەنابتان وەکوو کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ بۆ خەڵکی کوردستان ناسراون، بەڵام پێمان خۆشە زیاتر خۆت بناسێنی:**

من ئەحمەد پادگانیم و ٤٨ ساڵ لەمەوپێش لە شاری مەریوان لە دایك بووم، هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە خەباتی چەکداریم دەست پێکردوە لە خۆرهەڵاتی کوردستان و منیش وەکوو باقیی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناو ڕیزی شۆڕشەوە خەباتی خۆم درێژە پێداوە تا ساڵی ١٩٩٩. بەڵام پاشان بە هۆی هێندێ گیروگرفت ڕۆیشتووم بۆ وڵاتی نۆروێژ و لەوێ گیرساومەتەوە. ئێستا گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان بۆ سەردانی هاوڕێیانی دێرینی خۆم، هاتوومەتەوە بۆ سەردانی ئەو ڕەفێقانەی کە ساڵەهای ساڵ بە یەکەوە بووین لە حیزبی دیموکراتی کوردستانا.

**ئێژن دوکتور سەعید شەرەفکەندی لە کۆنگرەی نۆدا وتوویەتی کە کاك ئەحمەد ئۆستوورەی مەریوانە، پێمان خۆشە باشتر لەسەر کەسایەتی کاك دوکتور قسە بکەی و پێمان خۆشە بزانین کە رابتەتان لەگەڵ دوکتورا چۆن بووە؟**

ــ بەڵێ، من ساڵی ١٣٦٣ بە خزمەتی کاك دوکتور سەعید گەیشتووم کاتێك کوردستان میلیتاریزە بوو، بڵێین مەنتەقەی مەریوان، ئێمە هاتینە مەنتەقەی نێوان سنووری ئێران و ئێراق لە مەنتەقەی "گەڵاڵە". لەو کاتەوە من بە خزمەت کاك دوکتور سەعید گەیشتووم و هەروەها ڕەوابتم لەگەڵ کاك دوکتور سەعید ڕەوابتێکی تەشکیلاتی ــ سیاسی بووە، لە زۆر کۆبوونەوە و مەحافلی سیاسیا بەشدار بووم. کاك دوکتور سەعید یەکێك لە ڕەهبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، ئینسانێکی بەتوانا بووە، ئینسانێکی زانا بوو، ئینسانێکی شیمیدان بوو و، جوابی پرسیارەکەی جەنابت ئەوەیە من لە کۆنگرەی نۆدا بەشدار بووم، وەکوو عادەت سکرتێری حزب ئەو کەسانەی دەناساند کە خۆیان کاندید ئەکرد بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی مەرکەزی، کاك دوکتور سەعید لوتفی بوو لەگەڵ منا و منی بەو شێوە موعەرفی کرد کە خۆت فەرمووت.

**بۆچوونتان لەسەر کەسایەتییەکی وەکوو نەمر دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو چیە؟**

ــ دیارە ڕێبەرمان دوکتور قاسملوو نەك تەنیا لە کوردستانا بەڵکو لە مەجامعی نێونەتەوەیی و هەروەها لە ئێرانا ئینسانێکی ناسراوە، ئەو شەخسییەتێکی بەرز و ناودار بووە و توانیویەتی کە حیزبی دیموکرات لە دوای کۆماری کوردستان، لەو کاتەوە کە پێگەیشتووە، زیندوو بکاتەوە و ئەو ڕێگا چەوتانەی کە لە باری سیاسییەوە لە حیزبی دیموکراتا سەریان هەڵ دەدا نەیانتوانی ئەو لە هێڵی ئەسڵیی حیزب بە لاڕێدا ببەن. دیارە زۆر کتێب و نووسراوە لەسەر کەسایەتیی کاك دوکتور قاسملوو نووسراوە و من تەنیا ئەتوانم بڵێم کە دوکتور قاسملوو شەخسیەتێکی تایبەتی بووە لە ناو نەتەوەی کوردا و تەحلیل و نەزەراتی دوکتور قاسملوو ئێستاشی لەگەڵ بێ بایەخی خۆیانیان هەیە و تازەییان پێوە دیارە، ئەو تەحلیلانەی کە دوکتور قاسملوو لەسەر شێوەی موبارزە، لەسەر وەزعییەتی ئێران و کوردستان چەندین ساڵ لەمەو پێش نووسیونی، کە لە ئارشیوو بایگانییەکانی حیزبا ماونەتەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەر شێوەی بیرکردنەوەیەی ئەو ئەڕواتە پێشەوە.

**ــ وەکوو ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان و قوتابییەکی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بیرەوەرییەکت هەیە بە کورتی باسی بکەیت بۆمان؟**

ـ تا ئەو جێگەی کە ئاشنایەتیم هەبێت و بە بیرم بێت دوکتور قاسملوو و هەروەها دوکتور سەعیدیش ئینسانی کارامە و لێهاتوو و فەعالیان زۆر خۆش ئەویست. من نموونەیەکتان لە ساڵی شەست و حەوت بۆ دێنمەوە پاش



شەڕی ئێران و عێراق دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات بڕیاری دا کە ئەبێ کادر و پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ ناوخۆی کوردستان. سەرەڕای ئەوەی کە بەفر و بۆرانێکی زۆر لە پاییز و زستانی ئەو ساڵە ریبوو من لەگەڵ کۆمەڵێ لە کادر و پێشمەرگەکانی ناوچەی مەریوان گەڕاینەوە بۆ مەریوان و بۆ ماوەی مانگێك لەو ناوچەیە بووین، کاتێك کە گەڕاینەوە بۆ مەقەڕەکانمان دوکتور قاسملوو من و یەك دوو نەفەر لە هاوڕێیانی دەعوەت کرد، بە پاسی ئەوەیکە وەکوو پێشمەرگەیەکی فەعال لە ناوخۆ ماوینەتەوە و موبارزە و بەربەرەکانێمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیا کردوە. دیارە ئەوان ڕێز و حورمەتیان بۆ ئینسانە فەعال و تێکۆشەرەکان هەبوو.

**بۆچوونت لەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵەکانی ٥٩ و ٦٠ نیسبەت بە ئێستا چیە؟**

ــ دیارە ساڵەکانی ٥٩ و٦٠ لەگەڵ ئێستا جیاوازیی زۆری بوو. لەو ساڵانەیا کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وەفدی نوێنەرایەتیی نەتەوەی کوردا وتووێژی کرد، بەڵام وتووێژەکان بە ئاکام نەگەیشتن و لە ئاکاما ساڵی ٥٩ کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر کوردستان بە ئامانجی میلیتاریزە کردن و بە قسەی خۆی پاکسازیی دژەشۆڕش و حیزبەکان و بەتایبەتی حیزبی دیموکرات، ئاکامەکەی ئەوەبوو کە لەساڵی ٥٩ ، ٦٠ خەباتێکی توندوتیژ لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی دەستی پێکرد. بەڵام بەرە بەرە ئەتوانین بڵێین ئەو خەباتە لە باری نیزامییەوە لاواز بوو، دیارە جیاوازییەکەی باسێکی زۆر هەڵئەگرێ بەڵام تەنیا ئەتوانم بڵێم لەو سەردەمەیا

بۆ لاپەڕی١١

# ئاڵوگۆڕ، حیزب، بەرەی کوردستانی

*هێمن سەیدی*



کوبوونەوەی بەرفراوانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ماوەیەك لەوەپێش بەرێوە چوو. هەر بەم جۆرەی کە لە راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیدا ئاماژەی پێکراوە، ٥ رۆژ باسو کەنگەشەی زیندوو، سیمایەکی ئەکتیوو سیاسیی بە پلینۆم بەخشیبوو. راگەیاندراوەکە بە رادەی پێویست تەوەرە جیاجیاکانی دەستووری کاری پلینۆمی شی کردبۆوە وەکوو گەڵاڵەی گۆڕانی پێکهاتەی حیزب بۆ کۆنگرەی ١٤، تەرکیبی ڕێبەرانی داهاتوو و بەشدار کردنی هەرچی زیاتری ژنانو لاوانو... سەرەڕای ئەمانە یەکێکی دیکە لە تەوەرە گرینگەکانی دەستووری کاری بریتی بوو لە پێویستی هەوڵ دان بۆ لێك نزیك بوونەوەو دامەزرانی بەرەی کوردستانی لەو پێوەندییەدا کۆمەڵە پرسیارێك دێنە ئاراوە. لەو نووسراوەیەدا هەوڵ دەدرێ وڵامی پرسیارەکان بدرێتەوەو خۆشحاڵیش دەبین ئەگەر کەسانێکیتر بۆ دۆزینەوەی وڵامیتر خۆیان ماندوو بکەن. بۆ تا ئێستا بەرە دانەمەزراوە؟ پێویستی دامەزرانی بەرە لە چ دایە؟ میکانیزمی پێکهێنانی بەرە دەبێ چۆن بێ؟ ئەگەر لە هۆکارەکانی دانەمەزرانی بەرەوە دەست پێبکەین دەبێ بڵێین کە: خۆ بە زۆر زانیی یەك یا چەند لایەن، هەستی هێژمونی خوازیی پێك هێنا بوو و هیچ بەرەیەك قبووڵ نەدەبوو ئەگەر ئەو لایەنە سەرۆکی ئەو بەرەیە نەبایە. لایەنی تریش بوون کە وەك ئامرازێك بۆ شەرعییەت وەرگرتن هاتبوونە مەیدانو بە کەمتر لە نیوەی بەرەی کوردستانی رازی نەدەبوون. واتە پێیان وابوو کە بەرە دەبێ لە دوو حیزبی سەرەکی پێك بێو باقی حیزبو هێزەکان لە دەوری ئەو دوو حیزبە (نەك لە دەوری بەرە) کۆ ببنەوە. لایەنی تریش بۆ ئیسباتی رۆژهەلاتی بوونی خۆیان دەیانهەویست بێنە نێو بەرەی کوردستانی. کەسانێکیش بۆ سەلماندنی بوونو لە نێونەچوونیان باسیان لە بەرە دەکرد. لایەنی واش هەبوون کە بۆ حەزفی لایەنێکی تر کە دەیزانی بە بوونی ئەوانەوە نایەتە ناو بەرە، باسی بەرەی کردووە. لە خۆشبینانەترین لێکدانەوەدا دەکرێ بڵێین، زۆربەی حیزبو هێزو کەسایەتییەکان، دامەزراندنی بەرە، مەبەستی دووهەمیان بووە نەك مەبەستی یەکەمیان. بەڵام بە ئاشکرا مەبەستی یەکەمیان نەدەدرکاند. بەڵام ڕووداوەکانی ١ساڵی رابردوو زۆر لە موعادیلاتی گۆڕیوەو فەلسەفەی زۆربەی مەبەستەکان بوونیان نەماوە. دەکرێ بڵێین ئێستا بۆ زۆربەی زۆری حیزبەکان، مەبەستی یەکەم هەمان دامەزرانی بەرەیە.

پێویستی دامەزرانی بەرە لە چ دایە؟ ئەگەر هەوڵەکەمان ئەوە بێ وەڵامی پرسیارەکەی کورت بکەینەوە دەکرێ بڵێین: دامەزرانی بەرە وەزنو قودرەتی مانۆڕی هێزە سیاسییەکانی ئوپۆزیسیۆنی کورد لە نێوخۆی وڵات زیاتر دەکات، ورەی خەڵکی بەرز دەکاتەوە، مەترسیی ئەمنییەتیو پیلانگێڕی لە سەر حیزبەکان کەم دەکاتەوە، دەنگی کورد لە جیهانی دەرەوە بەرزترو یەکدەنگتر دەکا، بۆ دامەزرانو بەقوەت کردنی لۆبی دەستمان زیاتر دەکاتەوە، لە وتووێژو دانوستاندن لەگەڵ باقی نەتەوەکانی ئێران وەزنو ئیعتیباری کورد زیاتر دەکات، بۆ مانگرتنو خۆپێشاندانو ناڕەزایەتی دەربڕینی جەماوەر لە نێوخۆی وڵات دا هەماهەنگییەکی زیاتر پێك دێت.

میکانیزمی دامەزرانی بەرە دەبێ چۆن بێ؟ لەم بارەوە ڕەنگە بە جێ بێ کە بگوترێ باش وایە لە سەرەتاوە هیچ حیزبێك بۆی نەبێ مەرجو پێش شەرت بۆ بەشدار بوون لە بەرە یا دامەزراندنی بەرە دابنێ، هیچ حیزبێك بۆی نەبێ ئەندام بوونی خۆی لە بەرە بە ئەندام نەبوونی لایەنێکی تر ببەستێتەوە، سەرۆکایەتیو وتەبێژی بەرە دەبێ دەورەییو کاتی بێ، کەسایەتییەکان هەم وەك تاكو هەم وەك گرووپ بتوانن داوای بەشدار بوون لە بەرە دا بکەن. سەبارەت بە بیرۆکەی "ئیسلامی بوون"و حیزبە ئیسلامییەکان، هەر حیزبێك کە پرنسیپەکانی بەرەی قبوڵی بێو باوەڕی بە رووخانی کۆماری ئیسلامی هەبێ، دەبێ ئیزنی بەشدار بوون لە بەرەی دا هەبێ، ئەگەر لە دوارۆژیش دا باوەڕی بە دەسکەوتەکانو دەسەڵاتی کوردی نەبێ، بە مەرجێك بە ئاشکراو بە شێوەی یاسایی چالاکی بکا، هەموو حیزبە کوردییەکانو حکوومەتی کوردی، دەبێ بەرێزەوە وەکوو ئوپۆزیسیۆنێکی یاسایی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن. حیزبی گچکەو حیزبی کەم تەمەنو حیزبی کەم پێگەو... نابێ هیچ کۆسپێکیان بۆ بەشدار بوون لە بەرەدا بۆ دابنرێ. حیزبێك کە سەرانسەری بێ بەڵام سازمان یا لقی کوردستانی هەبێ، ڕێکخراوە کوردستانییەکەی دەتوانێ ئەندامی بەرە بێ.

سەبارەت بە هێزی سەربازیی بەرە، دارایی بەرە، بنکەو بارەگای بەرە، ئارمو لۆگۆو باقی وردەکارییەکان دەبێ بەرەی کوردستانی دوای دامەزرانی بڕیار بدات نەك ئەوەی کە لە ئێستا را باسو مناقشە لەسەر ئەم بابەتانە، دامەزرانی بەرە دوا بخات.

برووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین






### سلێمان ئێحسانی

به پەله بووم له گەیشتنەوەی. حەوتووو ڕۆژەکانم دەبژارد، خودا خودام بوو زووتر ببێتە پاییزو وەرزی گەڕانەوەی پێشمەرگەکان تا پاش نزیك ٧ ساڵ دووری ببیینمەوە. هەتا له بەندیخانە دابوو، پێم وانەبوو بەو زووانە رزگاری دەبێ. کاتێکیش هەواڵی ئازاد بوونیان هێنا، هەر چاوەڕێ بووم بگەڕێتەوە ریزی تێکۆشەرانی ئاشکراو چەك له شانی حیزب. بەڵام وادیار بوو نیازێکی دیکەی له دڵ دابوو. بڕیاری دابوو ئێستا که ئیمکانی ئەوەی پەیدا کردوە له نێو خەڵك دا بمێنێتەوەو به رواڵەت بۆتەوە به کەسێکی ئاسایی، لەم دەرفەتە بۆ کاری تەشکیلاتی‌و هاوکاری لەگەڵ تەشکیلاتی نهێنیی حیزب کەڵك وەربگرێ. ئاواتی دیتنەوەیم هەر دوا دەکەوت تا سەرەنجام هاوینی ١٣٦٨، بیستم له ترسی ئاشکرا بوون‌و دووبارە کەوتنەوە زیندان، بڕیاری داوە بێتەوەو تێکەڵ به پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین بۆتەوە.

به تەمەن ٥ ـ ٤ ساڵ له من گەورەتر بوو. دوورترین وێنەکانی له زەین‌و بیرەوەریی من دا، مێرمنداڵێکی رەشتاڵەی خوێن شیرینی لادێیم له جل‌و بەرگی پێشاهەنگی‌دا دەخاتەوە بیر که له "بالاگیر"ەوە بۆ خوێندن هاتبووە شنۆ. بەڵام له دوای سەرکەوتنی شۆڕش‌و کاتێك وەك زۆر له هاوتەمەنانی له یەکیەتیی لاوانی دێموکرات‌و رێکخراوی حیزبی له ناوچەی نەڵۆس دا قۆڵی له تێکۆشان هەڵماڵی، له نزیکەوە ناسیم. بەتایبەتی کاتێك پێکەوە لەگەڵ چەند لاوی دیکەی ناوچەی شنۆ له کۆتایی بەهاری ١٣٥٩ رەوانەی زانکۆی سیاسی ـ نیزامیی حیزب له یەنگیجەی نێوان ئاشی گوڵان‌و سەردەرابات کراین، هاوڕێیەتی‌و برایەتیمان قووڵترو خۆشتر بوو. لەو ماوە دوومانگی‌یەدا، دڵی نەدەشکاندین‌و هەر که دەرفەت لەبار بوایە داوامان لێ‌دەکرد گۆرانیمان بۆ بڵێ. زۆر بەکەمی گۆرانیی گۆرانیبێژەکانی دیکەی دەگوت‌و، زۆرتر گۆرانیی "ماملێ"ی بۆ دەگوتین. دەستی دەبردە بن گوێی‌و تێی‌هەڵ دەکرد، ئای که دەنگیم پێ‌خۆش بوو. وا ببوومە ئۆگری دەنگی له هەر جێیەك تووشی ببامەوە، تکام لێ‌دەکرد گۆرانی‌یەکی ماملێ بڵێ. یەك لەو جارانە، ئێوارەیەکی رەزبەری هەمان ساڵ، له سەر لێواری گادەر، له سەرووی ئاوایی پێگەڵە بوو که بۆ مەئموورییەتێك رێی کەوتبووە بنکەکەمان له گوندی "میراوێ".

سلێمان ئێحسانی، ساڵی ١٣٣٨ له ئاوایی "بالاگێر"ی ناوچەی شنۆ له دایك ببوو. هەتا ٣ی ناوەندی دەرسی خوێندبوو. ساڵی ١٣٥٧ به سەرباز گرتبوویان. بەڵام له بەختی خۆی رێژیمی پاشایەتی رووخاو پادگانی جەڵدیانی بەجێ‌هێشت. تێکۆشانی سیاسی‌و نیشتمانپەروەرانەی له یەکیەتیی لاوانی دێموکرات را دەست پێ‌کرد. زستانی ١٣٥٩ بوو به ئەندامی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان له ناوچەی نەڵۆس. ساڵی ١٣٦٢ له کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی حیزبی‌دا له "چەپەراوێ" کەوتە بەر دەستڕێژو به برینداری کەوتە دەست دوژمن. بەو هۆیەوە که کادری تەشکیلاتیی حیزب بوو، له زیندانی ورمێ زۆر ئازارو ئەشکەنجە درا تا ئەندامانی نهێنیی حیزب به رێژیم بناسێنێ. بەڵام لەو تاقیکردنەوەیەدا خۆڕاگرو سەربەرز دەرچوو، ناچار ئازادیان کرد.

هاوینی ١٣٦٨و به دوای شەهید کرانی دوکتور قاسملووی رێبەردا، رووی کردەوە چیا سەرکەشەکان تا پڕ به سییەکانی هەوای ئازادی هەڵمژێ. ئەوەندە تاسەباری دیتنەوەی بووین، سەت ئەوەندە ئارەزووی بوو بگاتەوە بنکەکانی حیزب له سەر سنوورەکانی باشووری کوردستان تا دەستەملانی یارانی دێرین بێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەو دەستە پێشمەرگەیەی رەگەڵیان کەوتبوو له دزەی مەرگەوەڕ لەلایەن هێزێکی زەربەتی رێژیمەوە، گەمارۆ دران. سلێمان یەك له پێنج شەهیدی ئەو گەمارۆیە بوو. ئیدی هەرگیز نەمدیتەوەو ئاواتی بەدینەهاتووی دیتنەوەی ئەوم له سەر دڵی بووە بەگرێ... ئەم گرێیەش لاناچێ هەتا ئەو رۆژەی سەرگڵکۆکەی له گۆڕستانی شێخ سمایل به فرمێسکی خۆم ئاوڕشێن نەکەم‌و، مزگێنیی رزگاریی کوردستانی بۆ نەبەم. دڵنیام لەو ساتەدا سێ‌جگەر گۆشەکەی ئەویش (حاکم، حەکیم، مەنسوور) لەگەڵ کەسوکاری هەزاران شەهیدی ئەم کوردستانە دا فرمێسکی شادی له چاویان دەسڕن‌و لەوە که خەبات‌و خوێنی بابیان‌و ئازیزانیان، ئازادیی نەتەوەکەیانی بەرهەم هێناوە، هەست بەسەربەرزی‌و شانازی دەکەن.

یادی بەخێر

# ئەم سەفەرە بێ سنوورترین ئاهەنگە

رەسوڵ سوڵتانی




ئازار نەبێ ئەو شارە هەموو سەفەرین
دەڵێی:
سەرەتای ژیان و ناسنامەی هەموو عەشقێکە
سەفەر.
لێرە سڵاوێك له شەو باشی هەموو ساتێکمدا هەڵدەوەرێ
تکایە
تکا
لەو خەمە مەزنانە
کێو و باران بێ بەش مەکە ...
ئەم سەفەرە سوێرە سوێر
له ماڵ ئاوایی تۆقیوم
لێرە ...
له هەڵوەرینی ماچ و کاڵ بوونەوەی سڵاوو ئاوابوونی
شێعردا
بارانێکی خەست دەخوێنمەوە ...
شێعرێکی سوور دەبارێنم
سیەکانم پڕ دەکەم له کۆچ ...
ئێمە هەزاران جار وتمان :
شارو شەقام بێ دەسنوێژن ...
تێناگەی ...نا
لێرە سەفەر چڕۆ دەکاو کۆچ دەپشکوێ و
چاوەڕوانی باڵا دەکا...
تۆ له زەردە پەرێکی بێ پەپوولەدا سەفەر دەڕوێنی و
تا هاتنەوەت دەبێ
له سێبەری ئەم سەفەرەدا بێ ئۆقرە بم ...
دەبێ له ئێوارەیەکی بێ سڵاو بێ باراندا
عەشقێ دابڕێژم
کیشوەری ماچێ داگیر کەم
که بتوانم ئاڵای سڵاوێ هەڵکەم و
له دایك بم ...
ئێمە وتمان :
باران غەریبترین موسافیرە بۆیە
سەفەر سڵاو دەوەرێنێ...
وەرە دڵخۆشی ئەم بارانە بدەینەوە ،
له پەپوولە نیگای ئەم شەقامەدا
گوێ له تەنیاییم ناگرێ.
تکا دەکەم
دەست مەنێ نێو دەستی سەفەر
سەفەر له بەیانیەی دووشەممەیەکی سوێردا
بزەی گەشی دایکمی دزی .
کەزیەی کۆچ و ماڵ ئاوایی دامەهێنە
لۆرییەکانی ئەم شارە هەموو رۆژێ
کاروان کاروان بزەی مردوو فرێ دەدەن.
دە گەڵ هەموو ئێوارەیەکی ئەو شارە دڵپڕم
دڵپڕم لەو مردووانەی
شەقامیان له بۆگەنیوی هاتو چۆیەکی بێ هوودە ئاخنی.
دڵپڕم
لەو ژنانەی نیگایان به تاڵان دەچێ و
ناز دەفرۆشن
هەموو ئێوارەیەکی ئەو شارە وێرانم وێران
وێرانم وەك عەشق
وەك دلۆڤانی و
غەریبم وەك خۆشەویستی .
ئەرێ کاکە ...
عەشق؟
قاقا پێدەکەنێ و دەڵێ :
له چیمەنتۆی خانوویەکی سێزدە قات دا
بوو به پەنجەرەیەکی کوێر .
تۆ گوتت:
ئەم خانووە
کۆشکی سیاسەتە ...سیاسەت.
دەڵێم :
مەرگ:
دەست دەخاتە گیرفانەکانی شەقام و
لوێچ لوێچ بۆمان هەڵدەرێژێ .
دەڵێم کاکە :
تا سەفەر بێ
هەموو ئێوارەیەکی ئەو شارە عاشقم.
تۆش یەکەم ناسنامەی سەفەر ئیمزا دەکەی
له ئێوارەیەکی پەڕەسێلکەدا
چاوی کۆڵان
پڕپڕ دەکەی له چاوەڕوانی و له ئەسرین ...
ئەسریننناسنامەی کۆچی چاو.....
ئەسرین..
هێشتا باران ماڵی ئێمەی نەدەزانی
که تۆ سوژدەت بۆ سەفەر برد
چ ماچێکی شوومە سەفەر
هەموو شەقامی ئەو شارە
تینووی دلۆپێك ترپەی پێڵاوی تۆن
تۆش
له ئێوارەیەکی غەریبدا دڵی شەو و شار شەق دەکەی
نەگوێ له دوایین سکاڵای کۆتر دەگری و
نه فاتیحایەك له سەر گڵکۆی گۆر غەریبێ
تۆ پێت وایە
کۆتر بێ ئاسمانترین باڵندەیەو
شەهیدیش...
تا پڕ بوونی گیرفانی سەرکردەیەکی بەدفەڕ دەژی...
دەڵێم :
بڕوات هەبێ ئاسمان بۆ کۆتر و
زەمان بۆ شەهید دەستەمۆن
دەزانم :
به فەلسەفەی هیچ شێعرێك و
به سکاڵای هیچ عێرفانێك نایە رەدا
بەر لەوەی کۆچ هەنگاوت بخوێنێتەوە دەمزانی ...
له ئێوارەیەك دا دەڕۆی
دەستمان سێبەری چاومانەو
له سینگی لێڵی ئاسۆ دا خەونی مانگ لێك دەدەینەوە
دەزانم:
ئەم ئێوارەی جێم دەهێڵی
نه هەور دلۆپێك گۆرانی بارانی له بیر دەبێ و
نه کۆتر سەربەندی حەیرانی فڕین
ئەو ئێوارەی سەفەر دەکەی
له دوایین وێستگەی خەمەکانی ئەو شارە دا ڕادەوەستم
ئەگەر هاتی :
نیگایەکتم به یادگار پێ بسپێرە
با هەر ئەسریناوی بێ‌چاوی چاوەڕوانی شەقام
نیگایەکتم به یادگار پێ‌یسپێرە
به تۆوە
تا دوایین سنووری سەفەر عاشقم

رەشەمەی ٨٢ بۆکان

## ڕوونکردنەوەیەکی هەڵەیەکی چاپی

بەرگی دووهەمی کتێبی سەربردەی بانەو بناری سوورکێو له نووسینی محەممەد خوسرەوی لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە چاپو بڵاو کرایەوە. پێویستە خوێنەرە بەرێزەکان لەوە ئاگادار بن که وێنەی لاپەڕەی ٨٩، وێنەی حەمە رەشیدخان نیەو بەڵکو وێنەی نووری شاوەیس به هەڵە دانراوە.



# نان و خوێ بۆ پەڕی تاووس

وەرگێڕانی بۆ کوردی: هۆزان



کاتێ دەنگی هاشو هووشو گمەگمی فڕۆکەکان تەواو بوو ـ منداڵەکە پشوویەکی هەڵکێشاو گوتی:

ـ بابە، بۆچی پەڕە تاوسەکەم هێشتا بێچووی نەبوە.

ـ کابرا کە دەنگی تەقینەوەیەکی دوور شلەژاندبووی گوتی:

ـ نانو خوێی لە پەنا دانێ ـ دەبێ سەری لە نانو خوێ دابێ

ـ دامناوە بابە

ـ باشە ـ کەوایە دەبێ مانگێکی دیکە ڕاوەستی.

کابرا دەستە زوورەکانی بەسەر ئاوریشمی قژی منداڵەکەدا کێشا:

ـ لە قوتابخانە بۆ تووکە سەرت هیچیان نەگوت؟

ـ بۆچی: بەڵێنیم داوە لە بنەڕەتدا بیتاشم

ـ دەبێ تا هەینی ڕاوەستی.

ـ بەڵام ... دەی باشە ڕادەوەستم.

منداڵەکە جانتاکەی کردەوەو دەنگی وەلەرزین کەوت: "بابە!"

کابرا باوێشکی دا: " ئا! چ بووە دیسان؟"

ـ پاکوونەکەم...

کابراکە دەچوو لە تەنیشت کتێبی منداڵەکە لەسەر وێنەی شەوو مانگ وەنەوزێ بدا، قیت بۆوە:

ـ سەرەت لە دەفتەری قوتابخانەدا؟ بە جەنابی بەڕێوەبەرت گوت؟

ـ ڕۆڵە گیان چەند جارت پێبڵێم شەرمێون مەبە. ئاخری وەك خۆمت لێ دێ.

کوڕەکە دەفتەری ئیملاکەی کردەوە:

بابە، چاوت بقووچێنەو هەرکات وتم بیکەوە . بیکەوە.

کابرا چاوی قووچاند. منداڵەکە بەخۆشیەوە چریکاندی:" ئێستا هەڵێهێنە.

کابرا بە دیتنی نمرەی بیستو مۆری کەروێشکیی" هەزار جار بژی" گەش بۆوەو پێکەنی:

ـ سەت جار بژی کوڕم ـ هەزار جار بژی.

منداڵەکە گوتی:

ـ بابە. بەڵێنەکەتت لە بیر ماوە؟ ئەوە دەبێتە هەشت دانە.

کابرا قامکە شەقار بووەکانی لێك کردەوە:

ـ دوانی دیکە ماوە، دووان

ـ حەوتوویەکی دیکە ئەو دوانەش دێنمەوەو تۆ دەبێ تۆپەکەم بۆ بکڕی.

"بەچاوان بەڵام دوانت ماوە." قامکەکانیشی هەروا ڕاداشت."

منداڵەکە گوتی:" ئەرێ بابە دروشمی ئەو شەوت لە بیرە؟"

کابرا پێکەنیو گوتی:" بژین هەموو کەروێشکەکانی دنیا.""و...."

"وە مەرگ بۆ هەموو گورگە چڵێسەکان."

منداڵەکە پێکەنیو سەری وەسەر باسکی ماندووی باوکی کردو پڕخە پڕخی دەگەڵ گمەگمێکی دوور، تێکەڵ بوو. دایك، بە تەشتێکی پڕ لە شمەکی شۆراوو گوشراوەوە لە حەوشەوە هاتەوە: دیسان خەوتان لێکەوت؟

هێشتا پاروەکەتان قووت نەداوە!"

کابرا بەدەم خەوەوە گوتی:" ئێستا...ڕایدەخەم... لێفە..."

دایکە چاوە ماندووەکانی وێك هێنان. دۆشەگەڵەی منداڵەکەی ڕاخست. باڵنجەکەی بۆ لەسەر دانا. دەستێکی بە نێو چاوانیدا هێناو گوتی:

" خودایە دامە دەست تۆ. مێکوتە لە قوتابخانە زۆر بووە."

منداڵەکەی بە ئەسپایی لەسەر جێگاکە درێژ کردو بە دلۆڤانیو هێوری لە گوێی خوێند:

کوڕم کاکۆڵی زێڕینە پاشای ئێرانو چینە

تاقانەی شیرینی دایە کچان بۆی دێنە حاشایە

کچ لە شایان دەستێنێ شازادەی ڕۆمی دێنێ

بە ئەسپایی دەستی لە ژێر سەری منداڵەکەوە دەرکێشا. چوە دەستەی جانتای قوتابخانەکەی. دەستی تێڕاکرد. قامکی لە بنی جانتاکە چوە دەرێ. ئاخێکی هەڵکێشا:

"چاو ئەو بێئینسافانە ئەو شتە ڕزیوەیان داوینەتێ. هێشتا سێ مانگ نابێ چووەتە قوتابخانە جانتاکەی کون بووە. هەی بێئینساف، یاخوا ئەو پووڵە بدەی بە هەنار... ئەوە دراوی ئارەقە ڕشتنمان بوو.

کەلێنو قوژبنی جانتاکە گەڕاو دیسان کوتی:" کەواتە جانتاکەت کون بووە. مەیموون دەستت لە نانو پەنیرەکەت نەداوە.

منداڵەکە بە تەکانی دەستی ژنە وەخەبەر هات. پیاوەکە ڕۆیبوو:

ـ نانو چایەکەت بخۆ ئامادە بە

ـ بەچاوان دایە.

ـ نووکی پێڵاوەکەت کون بووە. هەتا تۆ پاتۆڵەکەت لە پێ دەکەی دەی دروومەوە.. هێندە نووکە شەق لە کلۆ بەرد هەڵمەدە قامکت لە پێڵاوەکەت وەدەر کەوتووە.

ـ بەچاوان دایە.

ـ هەر بڵێ بەچاوان دایە، بەم گویەت دا دێ بەوی دیکەت دا دەچێتە دەرێ.

ـ دایە ئاو.

ژنە پەشۆکا:

" بەو بەیانیە گۆشت قەلت خواردووە تینووتە؟ نەکا " تا"ت هەبێ! مەچەکە باریکەکەی منداڵەی گرت.

" نا ـ "تا"ت نیە ـ لێدانی دڵت لەسەر خۆیە."

ژنە جامێکی ئاو دایەو ئاوەکەی لەو دیوی پێستی بلوورینی گەروویەوە دیت. کوڕە بە هەناسە سواری دمی لە جامەکە کردەوە. جامەکەی لە لای خوارەوەی دیوەکە داناو بەرەو دەرگای حەوشە هەڵات. گمەگمو هاشو هوشی فڕۆکە حەوشەی ئاخنیبوو.

" ماڵ ئاوا دایە."

*

"خودا ئاگادارت بێ."

پیاوەکە لەسەر داربەستەکە ڕاوەستا بوو. چیمەنتۆکەی بە کەمچە بە دیوارەکە دادەداو وردە وردە دەچووە پێش :" بابە پەڕە تاوسەکەم زۆری برسیە..."

" نانو خوێیەکەی بگۆڕە. نانەکە ڕاست بەسەری پەڕەکەوە بنووسێنە."

ئارەقەی نێوچاوانی کرێکارەکان بەسەر چیمەنتۆکەدا دەڕژا. کاتێ پێمەرەیان لێدەدا نرکەنرکیان دەهات. پیاوەکە تەشتێکی دیکەی چیمەنتۆ گرتەوەو کەمچەی تێناو لە دیوارە بێ سەروبنەکەی هەڵسوو:

" بابە گیان سەبر دەست بە ئەوێ دابێنە زۆر دێشێ."

" بۆ وا شین بۆتەوە؟ دیسان تۆپێنت کردوە؟"

" لە پلیکانەی قوتابخانە بەربوومەوە. زۆر ئێشا."

ـ کەس لێی نەداوی؟

ـ نا. بابە ـ هیچ کەس.

ـ خوێنی تێزاوەو شینو ڕەش بۆتەوە. پێستت ڕەش بوایە کەمتر دەبینرا. وریای خۆت بە. چاوت لەبەر پێت بێ.

ـ بەچاوان بابە ـ بەچاوان.

پیاوەکە "ماڵە" دارییەکەی لەسەر دار بەستەکە هەڵگرتو ئەو بەشەی لە دیوارەکە تازە چیمەنتۆی پێدادابوو، ڕێكو پێك کرد:

" دەی کوڕەکەم دروشمی ئەم شەوت نەگوت."

" بژین هەموو کەروێشکەکانی دنیا"

"وە......"

" مەرگ بۆ هەموو گورگە چڵێسەکان."

شریخەی لە ناکاوی چەند فڕۆکەیەك داربەستەکەی ڕاوەشاند. کابرا وەخۆ هاتەوە دەنگی چەند تەقینەوەیەك لە دوورەوە هات. دوو تەقینەوەی زۆر نزیك داربەستەکەی ڕوەشاند. کابرا خۆیفڕێداو بە فەعلەکانەوە بەرەو ئەو پەسیوە هەڵاتن کە لەوێوە هەڵیان قەندبوو.

ژنێك لە دوورەوە زریکاندی:

" یا حەزرەتی غەوس ... قوتابخانە ... لە قوتابخانەیان دا."

کابرا لە پەسیو هاتە دەرێ. قرچە قرچی لە پشتی دەهات. شەڵەژاوو پەشۆکاو. دەگەڵ جەماوەرەکە، کە دەگریان بەرەو قوتابخانە هەڵات.

*

قژە کاڵەکانی منداڵەکە، کەوتبوو سەر چاوە گەشەکانی ـ دەستە خنجیلانەکانی وەکوو مانگ کەوتبووە نێو کتێبەکەی.

پەڕی تاووس کە سەری لە نانو خوێ گیرا بوو لە تەنیشت وانەی (شەو بوو ـ مانگ هەور داپۆشی بوو)... بە ئەسپایی نوستبوو.

نووسەر: عەلی ئەشرەف دەروێشیان
سەرچاوە: کتێبی" درشتی"

# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی

**باك ـ پرل ـ س**

ئەم خانمە لە ٢٦ی ئاوریلی ١٨٩٢ لە هلیز برۆی ڕۆژئاوای ئەیالەتی ویرجینیا لە دایکبوو، دایكو بابی لەو باوەڕدارانی ئایینی بوون. لەگەڵ دایكو بابی دەچێتە چین لەوێ زمانی چینی فێر دەبێ، لە تەمەنی ١٧ ساڵەیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکاو دەچێتە قوتابخانەی ڕاندۆلف میکن پاش تەواوکردنی قۆناغی کۆلیژ دەچێتەوە بۆ وڵاتی چین لەوێ لەگەڵ لاوێکی ئەمریکایی ژیانی هاوبەش پێك دێنێ. ساڵی ١٩٢٣ یەکەمین بابەتی لە گۆڤاری مانگانەی ئاتلانتیك چاپو بڵاو دەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٢٥ دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکاو دەتوانێ پلەی مامۆستایەتی لە زانکۆی (کرنل) وەدەست بێنێ.

هەر لەو ساڵەدا یەکەمین



داستانی خۆی لە ژێر ناوی دیاریی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا نووسیو ساڵی ١٩٣٠ چاپو بڵاوی کردەوەو بەناوبانگترین خەڵاتی ئەدەبی پوڵتریزی وەدەست هێنا، هەروەها توانیی خەڵاتی ئەدەبیینۆبڵ وەدەست بێنێ.

بەرهەمەکانی بریتین لە: ١ـ کوڕانی ماڵی بەش کراو، ٢ـ هەموو پیاوان بران، ٣ـ دایك، داری مەرەس، ٤ـ خوداکانی دیکە، ٥ـ نەسلی هەژدیها، ٦ـخۆشەویستەکەم گەڕایەوە، ٧ـ جیهانە شارستانیەکانی من ٨ـ ماڵی سەرۆك، ٩ـ فریشتەی چینجۆ، ١٠ـ دورخراوە، ١١ـ نیشتمانپەروەر، ١٢ـ ژنی رازاوە، ١٣ـ یولان فرۆکەوانی چینی، ١٤ـ داستانی زەماوەندێك، ١٥ـ باڵەخانەی کڵاو فەرەنگی سەردەم، ١٦ـ ڕۆژێکی روون، ١٧ـ پیاوانی خودا، ١٨ـ داری مێژش

سەرچاوە: کتێبی (اطلاعات عمومی)




# ترس ( خۆف )

نوسینی: ناسر رەسووڵی

بەشی دووهەم

بەدوای زنجیرە فیلمەکانی (کۆنت دراکولا)دا و پاش تاقمێك فیلمی تەواو ئاوەکی گوتمان دەگەینە وەرزی لە دایك بوونی شاکارەکانی (ئالفرید هیچکاك) ناسراو بە مامۆستای ترساندن.

هیچکاك خولقێنەری شێوازێك لە سینەمایە کە خۆ لە قالبی سینەمای ترس، کۆمێدی ڕەش، جینایی و تراژێدیدا دەگونجێنێ.

فیلمەکانی هیچکاك هەر لە فلاش بەکی یەکەم را بینەر بەدوای خۆیدا رادەکێشێ بۆ دیتنی سکانسە جۆراوجۆرەکانی چیرۆکە ترس هێنەرو سەرسووڕ هێنەرەکانی. فیلمێکی وەك"سەرەگێژە" بە دەورگێڕانی (جیمز ستیوارت) لەو فیلمانەیە کە بینەر تا سکانسی کۆتایی هەڵدەخەڵەتێنێو لە کۆتاییدا تازە دەزانێ چ فریوێکت لە دەست دەرهێنەر خواردووە.

هەرچەند تەنیا دیمەنی ئەکشێنی ئەو فیلمە بەربوونەوەی ستیوارتە لەسەر بورجی کلیساوە بەڵام بە دڵنیاییەوە هەموو بینەری ئەو فیلمە لە دڵدا تا کۆتایی هەست بە ترسان دەکا. زۆربەی فیلمەکانی هیچکاك لە زات دا بینەر دەترسێنن.

١ـ بێگانەکان لە تۆرن دا

٢ـ باکوور لە باکووری رۆژئاواوە

٣ـ باڵندەکان

٤ـ رەوانی

لە ڕیزی ئەو شاکارانەی هێچکاکن کە بینەر بەبێ ویستی خۆی لە کۆتایی فیلمەکەدا هەست بەبوونی شەیتانێك (کایزر شۆزێ) دەکات.

بۆ وێنە لە فیلمی رەوانیدا بینەر تا فلاشبەگی کۆتایی فیلم وادەزانێ کە ئەو کوڕە بە ڕاستی لەو ژێرخانەدا لەگەڵ دایکی قسە دەکا کە لە تەواوی دیمەنەکاندا ئەو ژنە پشتی لە کامێرایە، بەڵام لە ئاخریدا دەردەکەوێ کە ئەوە تەنیا مەیتو ئیسکلێتی دایکی کوڕەیە کە جلوبەرگی لەبەر کراوەو ئەو دەنگانەش پێشتر زەبت کراون.

سینەمای هیچکاك شیکردنەوەی زۆری پێدەوێ. ئەو لە ٢ دەیەی ژیانی هونەریی خۆیدا کاری خۆی کردو ئەوە ئۆگرانی بوون کە پەرەیان بە شێوازی ترسو سەرلێشێوان دا. کەسانێك وەك ( برایان سینگێرو دەیوید فینچر) کە لە داهاتوودا بە شاکارەکانی ئەوانیش دەگەین.

هەر لەو چاخەکەداو لەگەڵ ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەی سینەمای ترس دیسانیش فیلم گەلێك کە باس لە دراکولاو خوێن مژ بکا ساز دەکران بەڵام بەهۆی خەرجی کەم کە تێیان دا دەکرا نەیاندەتوانی "گیشە" بەدەستەوە بگرن چ بگا بەوەی کە ببنە شاکار.

بەڵام ئەوە (پارکی فیلد) بوو کە جیهانی هاروژاند. فیلمێك کە لە پارکێکی جەنگەڵی دە هەزار هێکتاریدا تەسویر دەکرا. پارکێك لە ناوەندی ئامریکای لاتین کە زیاتر لە ٥٠ ساڵ بوو هاتوچۆی تێدا نەدەکرا. تا ئەوەیکە تاقمێك لاوی خوێندکار بۆ فیلم ساز کردن چوونە ئەوێ، فیلمیان لێ هەڵگرتو... کاتێك فیلمی (پارك فیلد) نمایش کرا زیاتر لە ٢ ساڵ بوو پۆلیسی ئامریکا لەو لێڕەوارانەدا بە شوێن چوکەترین ئاسەواری بەجێماو لەو ٥ لاوە فیلمسازەدا دەگەڕا کە دوای چوونە ناو ئەو پارکەوە تەنیا کامێرایەکی هەندیکامیان لێ بەجێ مابوو، ئیتر هیچ. ئێستا دوای نزیك بە ٦٠ ساڵ تێپەڕین لەو ڕووداوە دیسانیش هەموان دڵنیان کە ئەو سێبەرەی لە سێکانسە پساوەکەی فیلمەکە دادێ بە ڕاستی جندۆکەیەو ئەم ٥ کەسەش جندۆکە دزیونی.

دوای دەساڵ بە سەر شاکارەکانی هیچکاكو فیلمی دیکیۆمێنتیی پارکی فیلد لە کۆتاییەکانی دەیەی ٧٠ دا دیسان دراکولا پەردەی نمایشی داگیر کرد. ئیپیزۆدی (کلبه وحشت، کتاب ابلیس، دست شیطان) خولقا.



# کێ تیرۆریسته؟!

١_٢

نووسینی : ی. ئیلامی ـ ئیلام
وەرگێڕانی ، سمایل شەرەفی

(چاو خشاندنێك بە سەر چەند پێناسەیەك لە تیرۆریزم و چەند گرووپێکی بە تیرۆریزم ناوزەد کراو)

زۆر لە مێژە وشەی(( تیرۆریزم)) بۆتە دەستەواژەیەکی رۆژانە کە بەردەوام لە وتەو ئەدەبیاتی زۆرێك لە دەوڵەتەکان و لە گرووپ و کەسانی جۆراوجۆر دا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

دەسەڵاتدارانی ئامریکا، یەکێتی ئورووپا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ، تورکیە و هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکان، هەرکام بە جۆرێك ئەم دەستەواژەیە (تیرۆریست) دەخەنە پاڵ کەس و گروپ و دەوڵەتێکی تایبەتەوە. بە روونی دژوازیگەلێکی بەرچاو لەم وتن و دەربڕینانەدا دەبیندرێ. بەڵام بەراستی مانای تیرۆر چیە و تیرۆریست کێیە؟ لەوانەیە یەکەم شتێك کە بە بیستنی ئەم وشەیە بکەوێتە زەین و مێشکی مرۆڤەوە، کەسێکە کە بە شێوەی شاراوە و لە ناکاو لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوەی دیکە دایە لە رێگای توندوتیژییەوە (بۆ وێنە لە رێگای چەکەوە)، بەڵام لە دنیای ئاڵۆزی ئەمڕۆدا ئەم پێناسەیە زۆر ئەستەمو دژوارە، کەوابوو دۆزینەوەی پێناسەیەکی گشتی بۆ ئەم چەمکە پێویستە و ئەم مانایەش دەبێ لانی کەم تا ئەو جێگایەی کە دەلوێ لەسەر بنەمای"دلیل"و "استدلال" و بەواتایەکی دیکە زانستی بێ.

دوای چوون و گەڕان لە سایتەکان دا چەندین وتار و نووسراوەی جۆراوجۆرم لە نووسینی کەسانی جۆراوجۆر دۆزیوەتەوە کە هەر وەك چاوەڕوان دەکرا پێناسەیەکی دروست و یەکدەست لەم پێوەندییە دا پێشکەش نەکراوە. بەڵام تا رادەیەك هەموو پێناسەکان ، خاڵی هاوبەشیان هەیە ، بە واتایەك دەکرێ لە رووی هەمووی ئەم پێناسانەوە پێناسەیەك لە تیرۆریزم پێشکەش بکرێ کە گشتی تر و لەوانەیە کامڵتریش بێ .

سەرنجتان بۆ چەند پێناسە و وتاری پێوەندیدار بە تیرۆر و تیرۆریزم، لە روانگەی خاوەن نەزەران و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانەوە رادەکێشم.

بابەتی خوارەوە لە زانستنامەی سیاسی نووسینی داریوش ئاشووری لە سایتی ( دانشنامە ئازاد) ویکی پێدیا، wikipedia وەرگیراوە کە تیایدا هاتووە: تێرۆر بە واتای فەرانسەویەکەی ترس و ترس خستنە ناو دڵی خەڵك و لە سیاسەتدا بە کاری توندوتیژ و نایاسایی حکومەتەکان بە مەبەستی سەرکوتی نەیارانی خۆیان و ترساندنیان، دەگوترێ تێرۆر و هەروەها هەڵوێست و کردەوەی ئەو هێزە خەباتگێڕانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان پەنا بۆ توندوتیژی و ترساندن دەبەن، بە تێرۆر ناوزەد دەکرێ. هێرش گەلێکی وەك کردەوەی تێرۆریستەکان لە تەقاندنەوەی بورجە دووانەکانی رێکخراوەی بازرگانی جیهانی لە ١١ سێپتامبری ٢٠٠١ ، بە عەمەلیاتێکی تێرۆریستی دێتە ئەژمار. تێرۆریستپەروەری، مێتۆدی ئەو دەسەڵاتانەیە کە لە رێگەی قۆڵبەست کردن ، ئەشکەنجەو لە سێدارەدانو شێوەی دیکەی توندوتیژیی نایاسایی، لە رێگەی پۆلیسی سیاسی نهێنی، نەیاران سەرکوت دەکا و دەیانترسێنێ، یان مێتۆدی گرووپە راست و چەپەکانە کە بە مەبەستی ترساندن و گوشار خستنە سەر دەوڵەت، پەنا دەبەنە بەر مرۆڤ کوژی، مرۆڤ رفاندن و کاری تێکدەرانە.

لە هێندێك لایەنەوە تێرۆر مانای کوشتاری سیاسیشی لێ دەکەوێتەوە و کەسانێك کە پەنا بەرنە بەر کوشتاری سیاسی تێرۆریست پەروەر دێنە ئەژمار . لە جیهانی پێشکەوتوی سەدەی بیست و یەکەم بە هۆی کاریگەرییەك کە بە شێوەیەك دەیخەنە سەر ئابووری جیهانی، هێندێك بە مەبەستی پێك هێنانی بێ سەرەوبەرەیی لە وڵاتێکی تایبەت دا و لە ئاکامدا پێك هاتنی دابەزینی ئابووری لە یەك یا چەند وڵات دا لە تێرۆر کەڵك وەردەگرن.

"جاناتان وایت" لە کتێبەکەی خۆیدا "پێشەکییەك بۆ تێرۆریزم" باس لە پێنج شێوە تێرۆریزمی جیاواز دەکات : تێرۆریزمی تاوانکارانە، تێرۆریزمی ئیدئۆلۆژیك، تێرۆریزمی نەتەوەخوازی، تێرۆریزمی دەوڵەتی، تێرۆریزمی شۆڕشگێڕانە.

تێرۆریزمی تاوانکارانە زامنی کەڵك وەرگرتن لە تێرۆر بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی مادی یان رەوانی یە. ئیدئۆلۆژیك یا تێرۆریزمی سیاسی زۆرجار شێوە هەوڵێکە بۆ گۆڕینی هێندێ سیاستوانی دەسەڵاتدار. بە بۆچوونی هێندێك کەس، تێرۆریزمی سیاسی زامنی شۆڕشە . تێرۆریزمی نەتەوەخوازنەی جیاوازە لەگەڵ تێرۆریزمی ئیدئۆلۆژیك و تایبەتمەندی ئەم شێوە لە تێرۆر ، جۆرێك لە تێکۆشانی تێرۆریستییە کە وێڕای چاوپۆشی لە ئیدئۆلۆژی سیاسی پشتیوانی لە بەرژەوەندی گرووپێکی قەومی یا نەتەوەیی دەکات.

تێرۆریزمی دەوڵەتیش کاتێك بەڕێوە دەچێ کە ریژیمە دەسەڵاتدارەکان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و لە دەرەوەی تەشریفاتە تۆمار کراوە دیپلۆماتیکیەکان دا، پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن یان ئەوەیکە هەڕەشەی کەڵك وەرگرتن لەم شێوە لە تێرۆر دەکەن. تێرۆریستە شۆڕشگێڕەکانیش کەسانێکن کە تاکتیکە هاو شێوە پارتیزانییەکانیان هەم لە نێو ئەو کەسانەدا کە دەسەڵاتی سیاسیان بەدەستەوەیە، هەم لەنێو پشتیوانەکانی خۆیان دا ترس و دڵەڕاوکێ پێك دێنن: ئامانجی ئەم تێرۆریستانە رووخان و لە ناو بردنی رێژیمی دەسەڵاتدار و سەقامگیر کردنی ئەو رێبەر و دەسەڵاتە



سیاسییەیە کە هەمان بیرو بۆچوونی تێرۆریستیەکانیان هەیە. (وەرگێراو لە سایتی theblackfile).

کۆڕی گشتیی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەندەکانی ١،٢ی بڕیارنامەی ژمارە ٥١٢١٠ لەساڵی ١٩٩٩ دا دەڵێ: سەرجەم کردەوە و شێوەکانی تێرۆریزم تاوان، نایاسایی و بە توندی مەحکوومە، لە هەرکوێ و لەلایان هەرکەسێکەوە بێ. کردەوەی تاوانبارانە و نایاسایی کە بە مەبەستی پێك هێنانی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو کۆمەڵانی خەڵك، گرووپێك لە مرۆڤەکان ، یان کەسانی دیاریکراو بە ئامانجی سیاسی بەڕێوە بچێ، بە هەرشێوەیەك بێ پاساو هەڵنەگرە. بەچاوپۆشی لەوەیکە بەڕێوەبەرانی ئەم تاوان و تێرۆرانە ، چ مەبەستێکی سیاسی، فەلسەفی ، ئیدئۆلۆژیکی، رەگەزی ، نەتەوەیی، ئایینیو هتدیان هەبێ.

بەندی٢ی مادەی ١ی کۆنواسیۆنی رێکخراوەی کۆنفرانسی ئیسلامی دەنووسێ : دەستەواژەی تێرۆریزم بە هەر شێوە کردەوەیەکی توندوتیژ یان هەڕەشە ئامێز دەگوترێ کە سەرەرای مەبەست و ئامانجی دیاریکراو، بە مەبەستی بەڕێوەچوونی بەرنامەی تاکەکەسی یان گرووپی، یان بە مەبەستی پێك هێنانی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو خەڵك یان هەڕەشەی خەسار گەیاندن یان خستنە مەترسی گیان ، حەیسیەت، ئازادیەکان ، ئاسایش یان مافەکانی ئەوان، یان خستنە مەترسیی ژینگە یان هەر شێوە دامەزراوە یان ئەموالی گشتی یان تایبەتی، یان دەسبەسەرداگرتنی ئەوانە یان خستنە مەترسی بەرژەوەندی نەتەوەیی یان دامەزراوە نێونەتەوەیەکان یان هەڕەشەکردن لە سەقامگیری ، تەواوییەتی ئەرزی ، یەکگرتوویی سیاسی، دەسەڵاتی وڵاتانی سەربەخۆ بەڕێوە دەچێ. گرینگترین خاڵێك کە لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆریزم لە کۆنواسیونی رێکخراوەی کۆنفڕانسی ئیسلامیدا بەرچاو دەکەوێ بەندی ئەلف ی مادەی ٢یە :

خەباتی خەڵك و یەك لەوان خەباتی چەکدارانە دژ بە داگیرکەرانی بێگانە ، داگیرکاریو ئیستعمارگەری و هەوڵدان بە مەبەستی رزگاریخوازی ، دیاریکردنی مافی چارەنووس ، بە پێی بنەماکانی نێونەتەوەیی وەك تاوانی تێرۆریستی نایەتە ئەژمار.

تێرۆریزم چەمکێکی ئاڵۆزە . هەر پێناسەیەك لە تێرۆریزم بکرێ، دەبەسترێتەوە بە روانگەی سیاسی نووسەر.( وەرگێڕدراو لە سایتی ئینتێرنێتی حەوتوونامەی نەسیر)

مارتین شاینین، مامۆستای مافەکانی مرۆڤ ، کە خۆی بە ئەسڵ خەڵکی وڵاتی فەنلاندە و لەم دوایانە وەك پسپۆڕ و شارەزا لە بواری مافەکانی مرۆڤ لە رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتۆکان شوێنی تایبەتی بۆ دیاری کراوە ، دەڵێ : پێناسەیەکی گشتگیر و هەمە لایەنە لە تێرۆریزم کە هەموو لایەك لەسەری رێك کەوتبێتن ، بوونی نیە.

گەلێك کۆنوانسیوونی نێونەتەوەیی دژ بە شێوازە دیاەکانی تیرۆریزم هەن هەڵبەت دەکرێ هەمووی ئەو پێناسانەی کە لەسەر شێوەی جۆراوجۆری تیرۆریزم هەن، بۆ نووسینی مانا و واتای تیرۆریزم لە ئاستی نێونەتەوەییدا کورت بکرێتەوە. بڕیارنامەی ١٥٦٦ شورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە تێرۆریزم دەڵێ : تیرۆریزم بە مانای توندوتیژی یا هەر شێوەیەکی دیکە ، جیدی و هەمیشە دژ بە خەڵکی مەدەنی و سڤیلە و خاڵی سرەنجڕاکێش بۆ من هەر ئەمەیە ، واتا بە ئامانج دانانی خەڵکانی مەدەنی و بێ تاوان لە رێگای توندوتیژی و گیان لێ ئستاندن ، هەمان تیرۆریزمە. تیرۆریزم بەستراوەتەوە بە هەڵبژاردنی رێکارەکان : مەسەلەکە، کەرەسە و ئامانجە چارەنوسسازەکان نیە. زۆر جار ئامانجە سیاسیی یان مەزهەبیەکان لە دەرەوەی تیرۆریزم بوونیان هەیە، بەڵام ئەم ئامانجانە لە نێو تیرۆریستەکاندا لە بەرژەوەندی رێکخراوە سیاسی یە هاوبەشەکاندا نیە. کەوابو ئامانجەکان چارەنووسساز نین، بەڵکوو میتۆدی بە کارهێنانی توندوتیژی دژ بە خەڵکی مەدەنی و خەڵکی بێ تاوانە کە تیرۆریزم پێناسەدەکا.

لەم پێوەندیەدا هیچ رێکەوتنێك لە ئارادا نیە ، چونکی زۆرێك لە دەوڵەتەکان دەیانەوێ درێژە بە بەکارهێنانی پێناسەکانی خۆیان لە تیرۆریزم کە تێکەڵ بە کەڵکی خراپ لێوەرگرتن و خوێندنەوەی جۆراوجۆر بدەن:

یانی ئەوەیکە زۆر جار دەوڵەتان دەیانەوێ ئەو شتەی کە بە لای خۆیانەوە جوان و پەسەند نیە ، ناوی تیرۆریزمی لە سەر دابنێن : وەك بزووتنەوەی سیاسی یان کەمایەتییەکان یان گروپە ناوچەییەکان یان یەکێەتییەکانی کرێکاری . ئەمە یەکێك لە گرفتەکانی منە وەك شارەزایەکی تایبەت لە کارو باری مافەکانی مرۆڤ و دژە تیرۆریزمدا . واتە زۆرێك لە دەوڵەتانی دونیا لە مانای تیرۆریزم بۆ بەدناوکردنی گروپگەلێك کە ئەم دەستەواژە نایانگرێتەوە، کەڵك وەرگرن. روون و ئاشکرایە کە زۆرێك لەو وڵاتانە بە هۆی جۆراوجۆری سیاسی، لە مانای تیرۆریزم بۆ بەدناوکردنی نەیارانی سیاسیی خۆیان کەڵك وەردەگرن و ئەم کارە بە چەند شێوەیەك بەرێوە دەچێ : شێوەیەك ئەوەیە تەنیا کردەوەیەکی تیرۆریستی لە لایەن هێندێك تاقم یان کەسەوە بەرێوە دەچێ ، بەڵام دەوڵەت بۆ تیرۆریست ناوەز کردنی بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی سیاسیی و هێز و لایەنی گەورەی نەتەوەیی، بێ پشت بەستن بە هیچ بنەمایەك کەڵك وەردەگرێ. ئەمە شێوەیەکە و شێوەیەکی دیکەی ئەو کاتەیە کە دەوڵەتێك هەوڵ دەدا خۆی لە ژێر باری تاوانی ئازار و سەرکوتی نەیارانی خۆی دەرباز بکات و بۆ ئەم مەبەستە بە تیرۆریستیان ناوزەد دەکات، هەرچەندە قەت کردەوەیەکی تێرۆریستیشیان ئەنجام نەداوە. ئەم دوو نموونەیە یەك ئەژمارە بەکار هێنانی بەربڵاو مانای تیرۆریزم دەکات سەرچاوە سایتی: Nework uoltair و همشهری ئانلاین

"بارنی میسون" هەواڵنێری دیپلۆماتێکی بی بی سی لە وتارێکدا لە ژێر ناوی ((تێرۆریزم چیە))، باس لە یاسای تێرۆریزمی ٢٠٠٠ی یەکیەتیی ئۆرووپا و سەقەت بوونی و، نەبوونی پێناسەیەکی دیار و روون لە تێرۆریزم دەکات. بە پێی ئەم یاسایە تێرۆریزم یانی بەرێوەبەران یان هەڕەشەی بەرێوەبەرانی کارگەلێك کە ئامانجەکەیی زاڵ بوونە بە سەر دەوڵەت یان گشت کۆمەڵانی خەڵك بۆ وەدەست هێنانی ئارمانێکی سیاسی، ئایینی یان ئیدئۆلۆژیکی. ئەم شێوە کردەوانە بریتین لە: توندوتیژی جیدی دژ بە خەڵك یان خستنە مەترسیی گیانی خەڵك، خستنە مەترسیی تەندروستی و ئاسایشی گشتییان خەسار گەیاندن بە داراییەکان. هەروەها پێشنیارێك کە لە لایەن کۆمیسیونی ئوروپاوە هاتۆتە گۆڕێ بریتیە لە تەیفێکی بەربڵاو لە جەنایەتێکی دیار و روون لە ژێر ناوی تێرۆریزم دا. ئەم لیستە بریتییە لە قەتلی نەفس، بارمتە گرتن، دەسبەسەر داگرتنی کەرەسەی هاتوو چۆو گواستنەوەی گشتی، بڵاوکردنەوەی مادە بێهۆشکەرەکان و پێك هینانی بشێوەی لە تۆڕە ئینتڕنێتیەکان. بەڵام گەڵاڵەی پێشنیارکراوی یەکیەتی ئوروپا سەمەدەکانی تێرۆریزمی سیاسی، مەزهەبی یا ئیدئۆلۆژی پێناسە ناکا. لە بەرانبەردا دەڵێ کە تێرۆریزم هێرشێکی بە ئەنقەستە لە رێگەی گرووپ یان کەسێکەوە دژ بە وڵاتێك، دامەزراوەکانی و خەڵکەکەی، کە ئامانجی ترسان یان و زیان گەیاندن یان خاپوور کردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئابووریەکانە. ئەم پێناسە ویشك، بەڵام هەمەلایەنەیە، جێگایەکی تایبەتی بۆ عەمەلیاتی تێرۆریستی کە لە وانەیە دەوڵەکان بەرێوەی بەرن، نەکردۆتەوە. بارنی میسون دوای باس کردنی چەند نمونەیەك لە وڵاتان و گروپەکانی بە تێرۆریست ناوزەد کراو دەڵێ: تێرۆریست وشەیەکە هەموو کەسێك دەتوانێ زۆر بە ئاسانی دژ بە دوژمنانی بەکاری بێنێ. هەر بۆیە زۆر جار لە کەڵك وەرگرتن لەم وشەیە، لاڕێی هەبووە و یان ئەوەیکە کەڵکی خراپی لێوەرگیراوە . بەڵام ئێستا لەم رووەوە کە هێرشی بێ هەڵاواردنی دژ بەخەڵکی مەدەنی و سڤیل بۆتە مەسەلەیەکی چاوپۆشی هەڵنەگر، لێك نیزیك بوونەیەکی بەربڵاوی پێك هێناوە، ئێستا هەر پێناسەیەکی لە سەر دادەنرێ زۆر گرینگ نیە.

وەرگێڕاو لە سایتی b.b.c

**زۆرێك لە دەوڵەتانی دونیا لە مانای تیرۆریزم بۆ بەدناوکردنی گروپگەلێك کە ئەم دەستەواژە نایانگرێتەوە، کەڵك وەرگرن. روون و ئاشکرایە کە زۆرێك لەو وڵاتانە بە هۆی جۆراوجۆری سیاسی، لە مانای تیرۆریزم بۆ بەدناوکردنی نەیارانی سیاسیی خۆیان کەڵك وەردەگرن**



# سوسیال دێموکراسی چیە؟

**(بەشی دووهەم)**

**وەرگێڕان لە سوئێدییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزم و سۆسیال دێموکراسی‌داو هەروەها مۆدێل و ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی سوئێدی‌یەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سۆسیالیزم چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆن و ئان ماری لیندگرێنە.**

**بۆچوون لەسەر خاوەنداریەتی**

دوو مۆدێلی جیاوازی تیۆری لە سەر خاوەندارەتیی جەماوەری (collective ownership) لە ساڵانی سەدەی نۆزدە گەشەیان کرد: قوتابخانەیەکیان سوور بوو لە سەر ئەو بۆچوونە کە جەماوەری کردن دەبێ لە ڕێگای پڕۆگرامێکی بە نەتەوەیی کردن (nationalisatio) ئەنجام بدرێت، واتە حکوومەت وەک ئۆرگانی هاوبەشی گشت هاوڵاتییان دەبێ خاوەندارەتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە دەستەوە بگرێت. ئەوە ئەو مۆدێلە بوو کە پاشان لە یەکیەتیی سۆڤیەت و باقیی ئابووریە پلان داندراوەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو. ئێستا زۆر جار ئەو مۆدێلە وەک "سۆسیالیزم" سەیر دەکرێت بەڵام ئەگەر مرۆڤ بڕوانێتە پێشینە مێژوویی‌یەکەی، ئەوە تەنیا سادە کردنەوەیە.

قوتابخانە فکریەکەی‌تر لایان وابوو کە خاوەندارەتیی جەماوەری دەبێ لە ڕێگای یەکیەتییە کرێکاری‌یەکان ڕێک بخرێت، ئەم هێڵە فکری‌یە بە سیندیکالیزم ناوزەد دەکرێت، زاراوەیەک کە لە وشەی فەڕانسەیی یەکیەتیی کرێکاران ڕا هاتوە واتە سیندیکات. جۆرێک لەمە ئەو کۆمپانیایەن کە کرێکاران بە هەرەوەز خاوەنیانن (تەعاونی). ئەو فکرانە هیچ کات وەر نەگێردراونەوە سەر سیاسەتی بە کردەوە بەڵام لە گفتوگۆکانی ناو ئەو باسەی کە جارجار بە دێموکراسیی پیشەسازی ناسراوە دەوریان هەبووە، گفتوگۆیەک کە لە ناو ریزەکانی سۆسیال دێموکراسی سوێدی بووەتە باس لە سەر "کاری باش" (The good work).

لە سەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەم لە ئورووپا و یەکیش لەوان لە ناو جووڵانەوەی سۆسیال دێموکراسیی سوئێد ڕێبازێکی سێهەم سەری هەڵدا کە بە شێوەیەکی کراوە وەک ئابووری تێکەڵ ناسراوە کە کێشەکە بە تەواوی لە جەخت کردن لە سەر خاوەندارەتی دەگوێزێتەوە بۆ سەر مافی بەکار هێنانی دەسەڵات.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە جەماوەری کردن (بە نەتەوەیی کردن)ی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان قەت ئامانج نەبووە بەڵکوو ئامراز بووە. مافی خاوەندارەتی تاکیی قەرار بوو هەڵوەشێتەوە چونکە ئەو وەک هۆی سەرکوت کردن و بێدادی سەیر دەکرا، ئەوە هەڵوەشاندنەوەی سەرکوت کردن و بێدادی بوو کە ئامانج بوو نەک بە نەتەوەیی کردن بۆ خۆی.

ئەزموونی بە کردەوەی ڕووداوەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت دوای شۆڕشی ١٩١٧ دوو شتی نیشان داوە. لە لایەکەوە بە نەتەوەیی کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان زوڵموزۆر لە ناو نەچوو. ئەوە لە ڕاستیدا تەنیا جێ گۆرکێی شێوەیەک لە زۆرداری بە شێوەیەکی‌تر بوو. لە لایەکی‌ترەوە زۆر ئاشکرا بوو کە بۆ ئەوەی گشت ئەو پێکهاتە بازرگانی‌یە نەتەوەیی کراوانە وەها کار بکەن کە بە شێوەیەکی کاریگەر وەڵامدەرەوەی پێداویستی‌یەکانی خەڵک وەک خواردەمەنی، جلوبەرگ، خانووبەرە، کەلوپەل و هەروەها ئامێرەکانی کار بن تووشی گیروگرفتی گەلێک مەزن ببوو. گوستاڤ مۆللێر لە وتارێکدا لە ساڵی ١٩١٨ دا نووسی کە تەنیا هۆیەک بۆ ئەوەی خەڵک لە سیستەمێکی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی پشتیوانی بکەن ئەوە بوو کە شێوەی گوزەرانیان لەو ڕێگایەوە بە ڕاستی باشتر بێت، بۆچی سیستەمێکی نوێ دامەزرێنن کە تەنیا ببێتە هۆی خراپتر بوونی باری گوزەرانیان؟

ئەزموونی خودی سوئێد لە بە ڕواڵەت لیژنەی نەتەوەیی کردن کە لە لایەن دەوڵەتی سۆسیال دێموکرات لە ساڵی ١٩٢٠ دامەزرا بە گشتی ئاماژەی بە هەمان ئاکام کرد واتە: گواستنەوە لە داخوازی‌یە گشتی و پرەنسیپی‌یەکان بۆ خاوەندارەتیی جەماوەری تا لایەنە پراکتیکیەکانی وەک چۆن ئەو کارە بە شێوەیەکی کۆنکرێت ڕێک بخرێت، تووشی دژواریی گەلێک مەزن بوو.

ئەوە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بوترێ کە لاوازیی تیۆری‌یەکانی سۆسیالیستی کلاسیکە: ئەوان مامەڵە لە گەڵ ئابووری لە ئاستی نیشتمانی و لە ڕوانگەی دەسەڵات و دابەش کردنەوە دەکەن. ئەوان بە تەواوی پرسیارە پراکتیکی‌یەکان پشتگوێ دەخەن وەک چۆن کۆمپانیاکان، کە بناغەی ئابووری پێک دێنن، وایان لێ بکرێت کە بە شێوەیەکی کاریگەر و بە ئاسانی لە پەیوەندی لە گەڵ پێداویستی‌یەکانی هەردەم لە گۆڕانی کریاراندا کار بکەن. مارکس پسپۆڕی ئابووریی نەتەوەیی بوو نەک پسپۆڕی ئابووریی بازرگانی. لە پەیوەندی لە گەڵ سیاسەتی بە کردەوە کە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر هەڵسوکەوت لە گەڵ پێکهێنانی مەرجە شیاوەکان بۆ دەستەبەر کردنی گەشەکردنی ئابووری دەکەن کە ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان پێش شەرتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و تەناهین هیچ ڕێگایەک نیە جگە لە کەڵک وەرگرتن لە ئابووریی بازرگانی. "ئێمە ناتوانین سۆسیالیزم بە کەڵک وەرگرتن لە سیستەمێکی بەرهەمهێنان کە پاڵی داوەتە سەر دارشەقە بهێنینە دی" وەک لە وتاری گوستاف مۆللێردا هاتوە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد. ئەوە لەو شوێنانەیە کە تیۆری‌یە کلاسیکەکان ناتوانن وەڵامێک پێشکەش بکەن.

بە درێژایی ساڵەکانی ١٩٢٠ باسە تیۆری‌یەکانی ناو سۆسیال دێموکراسی بە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە سەر بە نەتەوەیی کردن و گەڕان بە دوای بەدیلێکدا دەستی پێکرد. یەکێک لەو کەسانە کە دەوری سەرەکیی لەو گفتوگۆیانەدا گێڕاوە نیلس کارلێبی بووە کە سەرپەرشتی کۆمیسیۆنی بە نەتەوەیی کردن بوو. هاوتەریب لەگەڵ ئەو گفتوگۆ تیۆریکی‌یەدا، باسێکیش لە بارەی دیتنەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەی بێکاری بەربڵاوی ساڵەکانی ١٩٢٠ لە ئارا دا بووە، واتە بە کردەوە گفتوگۆیەک لە سەر سیاسەتێکی ئابووریی نوێ کە دەوڵەت لەوێدا ڕۆڵێکی فرە چالاکتر بنوێنێ لەوەی کە لە تیۆری‌یە ئابووریەکانی باوی ئەو سەردەمدا دانیان پێ داهاتبو.

لەو گفتوگۆیەدا سۆسیال دێموکراسی وەک ئەرنست ویگفۆش و گوننار میردال ڕۆڵی سەرەکیان دەگێرا بەڵام ئەو باسە تەنیا لە ناو سۆسیال دێموکراسی‌دا لە ئارا دا نەبوو بەڵکوو چەندین ئابووری‌زانی لیبراڵ‌دێموکرات و یەکێک لەوان بەرتیل ئۆلین کە دواتر بوو بە ڕێبەری حیزبی لیبراڵی گەل (Folkpartiet) کاریگەریی گرنگیان هەبوو. بەڵام لە ناو سۆسیال دێموکراسیدا ئەو بۆچوونە نوێیانە لە سەر ئابووری پەیوەست کرانەوە بە گفتوگۆ تیۆری‌یەکان لەمەڕ دەسەڵات بە سەر گەشە کردنی کۆمەڵگا و لەوێوە مۆدێلی ئایدیۆلۆژیی سۆسیال دێموکراسی پەرەی پێدرا. لەو مۆدێلەدا مافی بەکارهێنانی دەسەڵات و نەک مافی فەرمی خاوەندارەتی دەکەوێتە ناوەندی باسەکە.

ڕەخنەگری لە خاوەندارەتیی تاکیی لە سەدەی نۆزدەدا دەبێ لە پەیوەندی لە گەڵ ئەو ڕاستی‌یەدا سەیر بکرێت کە خاوەندارەتی، دەسەڵاتی ڕاستەقینەی مسۆگەر دەکرد. لە کۆمپانیاکان، خاوەنەکان مافی بێ سنووریان بە سەر مووچە و کاتی کار و مەرجەکانی‌تری کاردا هەبوو.

دەسەڵاتی سیاسییش هی ئەو کەسانە بوو کە باری ئابووریان باش بوو، بە پێی یاسای دەنگدان دەبوو دەنگدەران ئاستی سامان یا خود داهاتیان ئەوەندە بێت کە تاقمەیەکی زۆر کەم لە کرێکاران دەگەیشتنە ئەو ئاستە. بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی کە لە بواری مافی کرێکاران لە کارخانەکاندا هەوڵیان دەدا هەڕەشەی دەرکردنی دەستبەجێیان لێ دەکرا و ئەوانەی ناڕەزایەتی‌یان بەرامبەر بە تاقمی دەسەڵاتدار (ئۆلیگارشی) دەر دەبڕی تووشی مەترسیی لێکۆڵینەوە و تەنانەت زیندانی کران دەبوون. زۆربەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەرەتایی کرێکاری جاروبار تووشی دادگا و زیندان بوون، ئە وان مەحکووم بە تاوانی وەک "کفر"، "خەیانەت بە پادشا" و "بێ حورمەتی بە پارلمان" بوون کە خودی تۆمەتەکان بە ڕوونی نیشانی دەدەن کە مەسەلەی سەرەکی چی بوو: ڕەخنە گرتن لە سیستەمی داسەپاوی کۆمەڵایەتی.

بەڵام پێ بە پێی بەهێزتر بوونی جووڵانەوەی کرێکاری هەم لە بواری سیاسی و هەم لە ناو یەکیەتی‌یەکانی کرێکاری‌دا، پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و خاوەندارەتی وەک شتێک سەیر دەکرا کە بکرێ بە بێ نەتەوەیی کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بپچڕێت. کاتێک کە دەسەڵاتی سیاسی گرێ‌درا بە مافی دەنگدان و نەک خاوەندارەتی، سیاسەتی یاسا دانان و ئابووری توانرا بۆ پێشخستنی داوا جەماوەری‌یەکان بۆ ئاسایش و دادپەروەری کەڵکی لێ وەرگیرێت. کاتێک کە یەکیەتی‌یەکانی کرێکاری بەهێزتر بوون، کرێکارەکان توانیان بەرژەوەندی‌یەکانیان لە دژی خاوەن سەرمایەکان لە پەیوەندی لە گەڵ مووچە و مەرجەکانی کار پەرە پێ بدەن. و پێ بە پێی چوونە سەری داهاتی کرێکاران، ئەوان توانیان داواکاری‌یەکانیان وەک کڕیار لە دژی خاوەن کۆمپانیاکان بەرز بکەنەوە.

بە واتایەکی‌تر توانرا بەربەرەکانی لە دژی بێدادی و چەوسانەوە بکرێت بێ ئەوەی خۆ تووشی ئەو دژواری‌یە سیاسی و ئابووری‌یانەی کە میراتی سیستەمی بەتوندی سەنترالیزە کراون، بکەین. ئەوەش بە بێ مەترسیی هێنانە کایەی شێوازی نوێی سەرکوتکەری کە بە ناچار لە سیستەمێکدا سەر هەڵدەدا کە تەنیا ڕێگا بە یەک حیزب و یەک جۆر بۆچوون لە مەڕ چۆنیەتیی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و ئابووری دەدا.

هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نیە کە گشت بێدادی و گشت دژواری‌یەکان لە ناو دەچن. ڕێگا چارەی وەها کە لەوێدا هیچ کێشەیەک نە بێت لە ڕاستیدا بوونیان نیە. بەڵام مۆدێلی سۆسیال دێموکراسی بەو مانایە بوو کە دەسەڵات لە خاوەندارانەوە گوازرایەوە بۆ کرێکاران و بەو شێوەیە ئامانجەکانی وەک ئازادی، یەکسانی، ئاسایشی ئابووری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (جگە لەوانە دەبێ ئاماژە بە داوا سەرەکی‌یەکانی وەک دێموکراسی و دەسەڵاتیش بکرێت) تا ڕادەیەکی یەکجار زۆرتر لە بەراورد لە گەڵ ئەو وڵاتانەی کە گوایە ڕەوتی فکری "ئۆرتۆدۆکسییان" پەیڕەو دەکرد وەدیهاتن.

هەر چۆنێک بێت، ئەمڕۆ ئێمە دەبینین کە چۆن شوێنەکانی دەسەڵات وەک ئاکامی ئاڵوگۆڕەکان لە ئاستی ناونەتەوەیی‌دا بۆ جارێکی‌تر لە گۆڕان دان. بە جیهانی بوونی ئابووری لە زۆر بواردا بووەتە هۆی زیاد بوونی دەسەڵاتی خاوەندارەتی، سەرمایە، بە سەر کۆمەڵگا و تاکەکاندا.

ئەرکی قورسی داهاتوو دیتنەوەی ئامرازی سیاسی نوێیە کە ببێتە هۆی وەر گرتنەوەی دەسەڵات بە بێ گرفتار بوون بە سیستەمێک کە دێموکراسی سنووردار بکات.

## بەهاکانی سۆسیال دیموکراسی

**ئازادی**


جووڵانەوەی ئازادیخوازی، بە شێوەی جۆراوجۆر، لە هەموو سەردەمێکدا بوونیان هەبووە. سەرهەڵدانی کۆیلەکان لە سەردەمی زۆر کۆندا، سەرهەڵدانی وەرزێڕان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، شەڕە دینی‌یەکان لە سەدەی ١٧ و جووڵانەوەکانی ڕزگاری نەتەوەیی لە ئوروپا لە سەدەی نۆزدەدا.

بەڵام ئازادی گشت کات هەمان مانای نەبووە کە ئەمڕۆ ئێمە باسی لێوە دەکەین. هەر ئەو نەجیبزادە سوئیدی‌یانەی کە شەڕیان بۆ بەرگری کردن لە مافی کلیسای پڕۆتستان بۆ دەرباز بوون لە دەسەڵاتی پاپ کرد هەر جۆرە جیاوازی‌یەکی ئایینی‌یان لە وڵاتی خۆیان سەرکوت کرد. جووڵانەوەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی لە سەدەی ١٩ ئامانجیان ڕزگار کردنی وڵاتەکانیان لە سەرەڕۆیی نەتەوەکانی‌تر بووە. بەڵام ئەو وڵاتانەی کە بەو شێوەیە ئازاد بوون کرداریان زۆر بێ بەزەیی‌یانە بوو بەرامبەر بە تاقمە کەمایەتی‌یەکانی ناو سنووری خۆیان و چەوسێنەرە تازەکان گشت سەر هەڵدانێکیان بە دژی دەسەڵاتی خۆیان کپ کرد.

بازرگانەکان و چینی خاوەن ناوەندی پیشەسازی کە لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ لە ئوروپا سەریان هەڵدا، داوای ئازادی‌یان لە چنگ یاسا و بەربەستەکان و هەروەها ئەو هەموو زێدەمافی‌یە جیاجیایانە دەکرد کە چینە باڵا دەستەکانی خاوەن زەوی هەیان بوو و کە ببوو بە کۆسپێک لە سەر ڕێگای گەشە کردنی بازرگانی و بەرهەمهێنان. بەڵام کاتێک کە کرێکاران داوای مافی گفتوگۆ کردن لە سەر مووچە و مەرجەکانی کاریان کرد ئەوسا داوای ئازادی کوتوپڕ کۆتایی پێ هات.

وەک ئەرنست ویگفۆش جارێک پرسیاری کرد: "ئازادی، بەڵێ، بەڵام بۆ کێ؟ و بۆچی؟"

"ئازادی" ووشەیەکە بە زۆر پلەی ماناوە و هەرگیز وا ساکار نیە کە کۆنسێرڤاتیوەکان و نوێ لیبراڵەکان دەیان هەوێ نیشانی بدەن، کاتێک کە باسی ئازادی تاک وەک شتێک کە دژی بڕیارەکانی جەماوەری‌یە دەکەن. هیچ مرۆڤێک ژیانی خۆی لە سەربەخۆیی تەواو لە پەیوەندی لە گەڵ مرۆڤەکانی‌تر بە سەر نابات، ئەوە نەک تەنیا بەو هۆیە کە مرۆڤەکان بە گشتی زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتین بەڵکوو هەروەها دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتی پێویستی ئێمە بە هاوکاری مرۆڤی‌تر بۆ مانەوە و ئاسوودەیی خۆمان. هیچ کەس ناتوانێ خانووی خۆی بە تاقی تەنیا دروست بکات، جلوبەرگی خۆی بدروێ، خواردەمەنی خۆی دابین بکات، کاری لولەکێشی خۆی بۆ خۆی بکات، ئامرازی ڕاگواستن بۆ خۆی دروست بکات و چارەسەری نەخۆشیەکانی خۆی بکات. ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ دەستی بەو هەمو شتانە و بە ئەو ئازادی‌یە کە بە دوای دەرباز بوون لە برسیەتی، سەرما و نەخۆشی دێتە بەر ڕابگات، دەبێ ئەو هاوکاری مرۆڤەکانی‌تر بکات. یا ئەگەر بمان هەوێ بە جۆرێکی‌تر باسی بکەین: چارەسەری جەماوەری پێویستن. چارەسەری‌یە جەماوەری‌یەکان پێش‌شەرتی ئازادی جموجۆڵ بۆ تاکن و دابینکەری دەرفەتی ڕێکخستنی ژیانی تاک.



# ئاوڕێك لە هۆکارەکانی پەراوێز خرانیخەباتی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

عەولا بەهرامی

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بلاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە سەردەمی پاشایەتیو چ لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامیدا کەمتر لای خەباتی جەماوەری کردۆتەوەو لە ڕاستیدا کەمتر توانای بەکارهێنانی ئەم شێوازە هەرە گرنگەی خەباتی لە خۆی دا بەدی کردوە. ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییانەش کە لانیکەم لە دە ساڵی ڕابردوودا لە ناوەندە حەشیمەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا سەریان هەڵ داوە ـ سەرەڕای ئەو لافەی هێندێك لە حیزبەکانی نێو بزووتنەوە سەبارەت بە دیاربوونی جێپەنجەیان لەوان دا لێی دەدەن ـ کەمترین کارتێکەریو دەورگێڕانی حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتیان پێوە دیارە. ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییانە زۆرجار لە ژێر کارتێکەریی ئەو ڕووداوانە دا بوون کە پێوەندییان بە کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە هەبووەو یان تەنیا کاردانەوەیەك بووە بەو کردەوانەی ڕێژیم لە دژی خەڵکی کوردستان ئەنجامی داون ( وەك شەهیدکردنی دڕندانەی شوانە سەید قادر). بۆیە، ئەگەرچی لەوان دا دروشمی نەتەوەییو مافخوازانە هاتۆتەگۆڕێ، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کات بە ئامانجی هێنانەگۆڕێی داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان یان تەنانەت بە ئامانجی جێبەجێکرانی ئەو ماددانەش کە لە یاسای بنەڕەتیی ئێستای ئێران دا باس لە ئازادیی زمانو کولتووری نەتەوەکانی نێو ئێران دەکەن، پێك نەهاتوون.

واتە بزووتنەوەی کوردستانو حیزبە پێکهێنەرەکانی نەیان توانیوە داخوازییە سیاسییەکانیانو کولتووری مافخوازی لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دا جێگیر بکەنو لە توانای بەرینی ئەوان بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتو هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکان کەڵك وەرگرن. ئەگەرچی حیزبە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵات زۆر جار ئەم بێتواناییانەی خۆیان لەمبارەیەوە بە نەبوونی خەباتی جەماوەری لە ئاستی سەرانسەریداو سەرکوتکەریو دڕندەیی ڕێژیم پاساو داوە، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە بڕوانینە ئەم کەماسییە گەورەیە پێویستە ئاوڕێك لە هۆکارەکانی بێتواناییو دابڕانی حیزبە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم شێوازە هەرە گرنگەی خەبات بدەینەوە:

١ـ دابڕان لە فەزاو ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانو ئێران

٢ـ دەق گرتن بە فۆرمو کلێشە کلاسیکییەکانی کاری حیزبیو ڕێکخراوەیی

٣ـ قەیرانە نێوخۆییەکان

٤ـ نەبوونی هاوبەندی یان بەرەیەکی کوردستانی

**١ـ دابڕان لە فەزای سیاسیو ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانو ئێران**

خەباتی چەکدارانە شێوازێکی تەواو داسەپاوی خەبات بوو کە ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بە داخستنی دەرگای دیالۆگو دانوستانو بەکار هێنانی دڕندانەترین شێوازەکانی سەرکوت بەسەر خەڵکی کوردستانو حیزبە سیاسییەکانی داسەپاند. بەچەشنێك کە تا ڕادەیەکی زۆر دەرفەتی بیرکرانەوەو پرۆژەمەند کردنی شێوازەکانی دیکەی خەباتو تەنانەت دروست کردنی ڕێکخستنێکی نهێنیی ڕاگەیاندنو دیپلۆماسییەکی وەڵامدەرو گونجاو لەگەڵ قۆناخەکانی دیکەی لە بزووتنەوە زەوت کرد. لەبەر ئەمەشە دەبینین ئەگەرچی زیاتر لە دە ساڵ لە وەستانی ناچارییانەی خەباتی چەکدارانەش تێپەڕیوە، حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لە سۆنگەی ئەوەوە کە بە هەموو توانایانەوە ڕاکێشرابوونە نێو ئەو شێوازەی خەباتەوە، نەیانتوانیوە خاوەنی ڕێکخستن (لە هەموو بارێکەوە)، ڕاگەیاندن، دیپلۆماسیو پەروەردەی سیاسیی ئەوتۆ بن کە بتوانێ بۆشایی خەباتی چەکدارانە تا ڕادەیەکی باش پڕبکاتەوە. جگە لەوانە نەمانی بەستێنەکانی ئەم شێوازە لە خەبات بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجی سیاسیی ناوچەییەوەو لاوازی لە بەکارهێنانی شێوازەکانی دیکەی خەباتو بێبەرنامەییو بێپرۆژەیی لە بوارەکانی دیکەدا بوونەتە هۆی دابڕانێکی گەورە لە نێوان ئەم حیزبە سیاسییانەو ڕاستییە هەردەم گۆڕانهەڵگرەکانی کۆمەڵگەی کوردستانو ئێران.

بۆیە ئەمرۆکە دەبینین حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات تەنیا لە ڕێگای ڕاگەیانە گشتیەکانو هێندێك کاناڵی لاوازەوە ئاگایان لەو ڕووداوو ئاڵوگۆڕانەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردستانو لە ئاستی ئێران دا دێنەگۆڕێ. هەر بۆیەش ناتوانن خوێندنەوەیەکی دروستو واقعییان لە پێداویستییەکانی ئەو هەلومەرجە هەبێ. هەر ئەمەش وای کردوە کە کەمترین کارتێکەرییان لەسەر ڕووداوەکان هەبێو بەکەمی هەست بەبوونو چالاکییان بکرێ. مەودای ئەو دابڕانو کەلێنەی لە نێوان ئەو حیزبانەو کۆمەڵگەی کوردستان دا هەیە ئەوەندە زۆرە کە زۆر جار دیتراوە هەڵوێستێك کە سەبارەت بە ڕووداوو ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی خەڵکی شارو گوندەکانی کوردستان بوویانە ڕاگەیانراو یان بەیاننامەیەکی درەنگ وەختی ڕاپۆرت ئاسا بووە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوان لە جیاتی کاریگەری دانانو تەکاندان بە بزووتنەوەی خەڵك بەدوای ڕووداوەکان دا ڕۆیشتوونو هەردەم لە چاوەڕوانیی ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکان دا ژیاون.

**٢ـ دەق گرتن بە فۆرمو کلێشە کلاسیکییەکانی کاری حیزبیو ڕێکخراوەیی**

ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە یەکێك لە هۆکارەکانی لاوازیو ناکاریگەریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بریتیە لە دەق گرتن بە فۆرمێکی دیاریکراو لە خەباتو کاری حیزبی. دیارە ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گۆڕانکارییەکانو گۆڕانی قۆناخەکانو سەردەم کەمترین



کارتێکەریی لەسەر ئەوان بووەو ئەوانی ناچار نەکردوە بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە لە خۆیان بڕوانن و خۆیان لەگەڵ قۆناخو سەردەمو پێداویستیەکانیان بگونجێنن. تەنانەت چەقبەستوویی ئەوان لەم پێوەندییەدا گەیشتۆتە جیگایەك کە لە ڕوانگەیەکی نەرێنییەوە بڕواننە ئەو کەسانەش کە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە لە کەموکوڕیو لاوازییەکانی ئەوانیان ڕوانیوە یان ئەوە کە ویستوویانە بە جیا لەوانو لە دەرەوەی دنیابینیی ئەوان بیر لە کاری سیاسیو ڕێکخراوەییو خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکان بکەنەوە.

دەق گرتن بە مێتۆدو کلێشە کۆنەکان ئەگەر باندۆری تەواو نەرێنیی لەسەر دروست بوونی ڕیفۆرمو نوێبوونەوە لە نیو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دا داناوە، ڕێگەی لەوەش گرتوە کە ئەم حیزبانە پێ بە پێی گۆڕانکارییەکان بچنە پێشەوەو بیر لەو شێوازانەی دیکەی خەبات کە پێشتر نەیانتوانیوە کاریان پێبکەن بکەنەوە یان ئەوە کە مەدوای کاریگەر بوونیانو ئاستی چالاك بوونیان بەرەوژوور بەرن.

جگە لەمانە هەر بە هۆی ئەم هۆکارانەی باسیان لێوە کرا بوونەتە هۆی ئەوەش کە ئەو حیزبانە نەتوانن لە نێو ڕیزەکانی خۆیان دا کادرو چالاکی ئەوتۆش پەروەردە بکەن کە بتوانن بەهۆی ئەوانەوە هەم زانیاریی دروست سەبارەت بە کۆمەڵگە وەدەست بێننو هەمیش بتوانن لە بوارەکانی دیکەی جیا لە خەباتی چەکداریدا چالاك بن. سەرنجێك لە دەورە پەروەردەییەکانی نێو کەمپەکانی ئەم حیزبانە لە باشووری کوردستان بە ڕوونی دەبڕی ئەو بۆشاییە گەورەییە. لەو دەورە کلاسیکییانەش دا کە جاروبار بۆ کادرو پێشمەرگە کۆنو تازەکانیان دادەنێن جگە لە وەردانەوەی مێژوویەکی پڕشانازی کە حیزبەکەی خۆیان خولقاندوویەتی یان کاراکتەری سەرکیی بووە، نەك ئەوە کە باسێك لە ڕاهاتن بە مێتۆدە نوێیەکانی خەبات ( لەوانە خەباتی جەماوەری) لە گۆڕی دا نیە، بەڵکوو زۆرجار بینراوە کە وانەی دژایەتی لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکە جێگای وانەی مێتۆدە نوێیەکانی خەباتی گرتۆتەوە!

**٣. قەیرانە نێوخۆییەکان**

بەر لەوەی باس لە کارتێکەریی ئەم قەیرانانەو ئەو دابڕانو پارچە پارچە بوونانەی لە ئاکامی ئەودا دروست بوونو هەروەها شوێنەواری ئەو لەسەر لاوازتر بوونو ناکارا کردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بکەین بە جێیە ئاوڕێك لە هۆکارەکانی پێکهاتنیان بدەینەوە. دیارە ئەو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە هۆکارەکانی پێکهاتنی ئەم قەیرانانە هەم بۆ دابڕانو دوورکەوتنەوە لە فەزای سیاسیو جوگرافیاو بە گشتی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانو دەق گرتن بە فۆرمە کلێشەییە کلاسیکییەکانی حیزبایەتی دەگەڕێنەوەو هەم پێوەندییان بە هێندێك فاکتۆری دیکەوە هەیە کە لێرەدا بەم شێوەیە دەتوانین ڕیزبەندییان بکەین: تێگەیشتنی سەقەت لە چەمکی دیموکراسیو هەڵبژاردنو کارکردن بەو چەمکە لەنێو پێکهاتەیەکی نیزامی ـ سیاسیدا، نەبوونی میکانیزمی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردە ناشارستانییانەی لە فەزای هەڵبژاردن دا دروست دەبن، ڕانەهێنانی ئەندامان بەگیانی کوردستانیو بەرژەوەندیی گشتی، بێکاریو کەمپ نشینی، کارکردن بە پێکهاتەی مارکسیستیو سانترالیسمی حیزبی، ڕێگەگرتن لە دروست بوونی فەزای ڕەخنەگرانەو نەبوونی یان کەم مەودا بوونی ئازادیی بیروڕای جیاوازو..

کەواتە دەتوانین بڵێین بێتوانایی ئەم حیزبانە لە ڕێگەگرتن لە تەشەنەکردنو کەڵەکە بوونی کێشەو گرفتە نێوخۆییەکانیان کارێکی کردوە ئەوان بەردەوام بە تایبەت لە قۆناخی دوای وەستانی شەڕی چەکداریدا تووشی قەیران بن. دیارە لەم حاڵەتانەش دا سروشتییە هەم سەرنجی ڕێبەریی ئەم حیزبانە لە پرسی خەباتو چالاك بوون لە مەیدانی خەبات دوور کەوێتەوەو هەمیش بەشی زۆری کاتو وزەی ئەندامان بۆ ئەو کێشەو ململانێ نێوخۆییانە تەرخان بکرێن. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەکە ڕوانین لە خۆ جێگای ڕوانین لە دەرەوە بگرێتەوە. بێجگە لەمانە یەکێك لە دەرکەوتەکانی ئەو ململانێ نێوخۆییانە لەباربردنی هەر پرۆژەو بەرنامەیەکیش بووە کە بە مەبەستی چالاکتر کردنی حیزبەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا پێك هێنانی ڕیفۆرم لەوان دا لەلایەن لایەنەکانی ململانێیەکەوە هاتۆتە گۆڕێ. تەنانەت زۆر نموونەی واش لە دەست دان کە لەوان دا بەرنامەو پرۆژەی لایەنێك لە لایەنەکانی ململانێیەکە بۆ ڕیفۆرمو کاراکتر کردنی حیزب بە هۆی کارشکێنیو گرفت خولقێنیی لایەنی بەرانبەر لەگەڵ شکست بەرەو ڕوو کراوەتەوە.

**٤ـ نەبوونی هاوبەندی یان بەرەیەکی کوردستانی**

ئەگەرچی لێرەدا دەرفەتی ئاوڕدانەوە لە هەموو هۆکارەکانی پێك نەهاتنی بەرە یان هەرچەشنە هاوبەندییەکی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات نیەو حیزبەکانی ئەم بەشە لە کوردستان تەنانەت نەیان توانیوە تەباییو یەکریزی نێوخۆشیان بپارێزنو پتەو بکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین باڵادەست نەبوونی بەرژەوەندیی گشتیی بزووتنەوەو نەبوونی گەڵاڵەو پرۆژە بۆ پەرەپێدانو گوڕ بەخشین بە هەموو شێوازەکانی خەباتو لە نێو ئەوانیش دا خەباتی جەماوەری، لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێك نەهاتنی بەرەن. چونکە هەرکات پاراستنو دابین کردنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییو چالاك تر کردنی شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەبات نەبێتە پێویستیەکانی گرنگی خەباتکارانە قسەکردن لە بەرەو تەنانەت پێك هێنانیشی شتێکی بێسوودە.

کەواتە دروست نەبوونی بەرە یان هەرچەشنە هاوبەندییەکیش لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، خۆی لە خۆی دا دەتوانێ بە نیشانەیەکی بەرچاوی نائامادەییو بێپرۆژەی ئەوان بۆ وەسەریەك خستنەوەی هێزەکانیانو کەڵك وەرگرتن لە خەباتی جەماوەریی لە پەنا شێوازەکانی دیکەی خەبات دا دەژمێردرێ. چونکە گومان لەوەدا نیە کاراکردنی مێتۆدی خەباتی جەماوەری، وەك ئەزموون نیشانی داوە، بەبێ لە ئارادا بوونی هاوکاریو هاوئاهەنگیی نێوان هەموو یان زۆربەی هێزە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی ئاستەمە.

**ئاکامگیری:**

ئەگەرچی هەموو ئەو هۆکارانەی باسیان لێوە کراو ڕەنگە زۆر هۆکاری دیکەش هەبن کە حیزبە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەرەو ئەو بردوە نەتوانن سوود لە زۆر شێوازی گرنگی خەبات، لەوانە خەباتی جەماوەری، وەربگرن، بەڵام گرنگترین هۆکارێك کە دەتوانێ ئەم بارە بگۆڕێ بەخۆدا هاتنەوەو ئەزموون وەرگرتنە لە خەسارەکانی بزووتنەوە. بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان کاتێك دەتوانێ لەم دۆخە دەرباز بێ، کە بەر لە هەر شتێك بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەو بەدوور لە دەمارگرژیی تەسکی حیزبیو ڕێکخراوەیی بە کەموکوڕییەکانی دا بچێتەوەو چی دیکە چاوەڕوانی ئەوە نەبێ کە هێزێکی دەرەکی یان بزووتنەوەیەکی سەرانسەری دۆخی سەرانسەریی ئێران بگۆڕێ. چونکە ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە ئەگەرچی سروشتی داخوازە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانو زەمینەکانی هاتنەدیان پێویستی بە گۆڕان لە ئاستی سەرانسەری دایە، بەڵام نابێ ئەوە لە بیر بکرێ سروشتی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان دەخوازن بزووتنەوەی نەتەوەیی بە پێناسەیەکی تایبەت بە خۆیشیەوە، کە تەنیا خەباتی جەماوەری دەربڕی ئەوە، بێتە مەیدان. لەم حاڵەتە دایە کە دەخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان دەتوانێ بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ ڕوون بێتەوەو گرنگتر لەوەش پرسی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی نەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکانی ئێرانو لە دنیای دەرەوەیش دا وەك بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ بناسرێ.

دریژەی

# وتووێژ لەگەڵ کاک ئەحمەد بادکانی ( پادگانی )

خەباتێکی توندوتیژ لەگەڵ جمهووری ئیسلامیا لە ئارا بوو، خەڵکی کوردستان لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی حیزب بوون و حیزب هێزێکی نیزامیی زۆری لەدەوری خۆی کۆکردبۆوە. تەفاوتەکە ئەوەیە ئەتوانم بڵێم ئێستا حیزبی دیموکرات بە سەرنجدان لەو وەزعییەتەی کە پاش کۆنگرەی ١٣ هاتۆتە ئاراوە بووە بە دوو بەشەوە و ئەوە جێی داخ و کەسەرە، بەڵام ئەو کاتە حیزبی دیموکرات لە باری تەشکیلاتی، سیاسی و نیزامییەوە یەکگرتوو و یەکپارچە بوو، بەداخەوە ئێستا ئەو بارودۆخە زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو سەردەما.

**— کاک ئەحمەد بە بۆچوونی جەنابتان ئاخۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان وەکوو حیزبێکی بەهێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی توانیویەتی لەم سەردەما وەڵامدەری خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان بێت؟**

– ئەگەر ئاڵوگۆڕێك لە ئێران و کوردستانا روو بدا حیزبی دیموکرات عونسورێکی کاریگەرە و ئەتوانێ کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی لەسەر رووداوەکانی ئێران و کوردستان ببێ.

**— باسی لەتبوونی حیزبی دیموکراتت کرد، بە بیروڕای جەنابتان هۆی لەتبوونی حیزبی دیموکرات چی بوو؟**

— دیارە من بۆ خۆم لە کوردستانا نەبووم، لە کۆنگرەی سیانزەیش بەشدار نەبووم بەڵام هەقیقەت ئەوەیە نەك بۆ من بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بۆ هەموو کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات جێگەی داخ و کەسەر بوو و لەتبوونی حیزب نائومیدی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانا چاند و خەڵك لەو بارەوە تا ئەو شوێنەی ئێرتباتم بێ و ئاگادار بم لەسەر وەزعییەتەکە، ئەو وەزعییەتەی زۆر پێ ناخۆش بووە، هەروەها لە ناوخۆی حیزبی دیموکراتا لەناو کادر و پێشمەرگا ئەتوانم بڵێم جەوێکی زۆر ناخۆش بوو و ئەو رووداوە نائومێدی لەناو خەڵکی کوردستانا پێك هێناوە، بەڵام ئێستاش سەرەڕای ئەو بارودۆخە کە پێك هاتوە حیزبی دیموکرات لەت بووە هیوادارم ئەو دوو بەشە بتوانن لە رێگەی دیالۆگەوە موشکلاتی سیاسی و تەشکیلاتیی خۆیان چارە بکەن و هیچ رێگایەکی توندوتیژ نەگرنە پێش و لە داهاتوودا ئەگەریش یەك نەگرنەوە ئەتوانن پێکەوە بەرەیەکی کوردستانی پێك بێنن و لەسەر رووداوەکانی ئێران شوێنێکی جێی سەرنج دابنێن.

**با بگەڕێینەوە بۆ کۆنگرەی سێزدە و لەتبوونی حیزبی دیموکرات جەنابتان هۆی لەتبوونی حیزبی دیموکرات دوای ئەم کۆنگرەیە لە چیا دەبینن؟**

– خۆزگە ئینسان بیتوانیایە بە ئازادی هەموو بیروڕاکەی خۆی دەربڕییایە، بێ پەلامار، من بەکورتی ئەوە عەرز ئەکەم کە لە کۆنگرەی سیانزەیا نەبووم بەڵام بەر لە کۆنگرە لە کۆنفرانسی نۆروێژ بەشدار بووم، وەك واقعیەت لەوێ جەناحبەندی بووو هەروەها تا ئەو جێگە ئاگادارم لێرەش کۆنگرەی سیانزە جەناحبەندی بوو، بەڵام ئەتوانم لە یەك جوملا عەرز بکەم دوای کۆنگرەی سیانزە ئەو بەرادەرانەی کە هاتنە سەتحی رەهبەری هونەری ئەوەیان نەبوو کە بتوانن موخالیفانی خۆیان جەزب بکەن، من ئەوە ئەزانم ئەو رەهبەرییەتە کە لە کۆنگرەی سیانزە پێك هات ئەگەر هونەری ئەوەیان بووایە کە وەکوو کۆنگرەی پێش کە مامۆستا سکرتێر بوو و رەهبەرییەت هونەری ئەوەی بوو و توانی حزب راگرێت و تەوازون بەرقەرار بکا بەڵام بەداخەوە ئەو توانایییە لە رەهبەری کۆنگرەی سیانزەیا نەبوو. ئەگەر ئەم هونەرە بووایە پێم وایە حیزبی دیموکرات بەم شکڵە لەت نەئەبوو.

**بیروڕای خەڵك ئەوەیە کە لەتبوونی حیزبی دیموکرات بە هۆی تەسفیە حسابی ناوخۆیی بووە. بۆچوونی بەڕێزت لەم بارەیەوە چیە؟**

ئەوەی کە وتت تەسفیە حیساب، من ناتوانم بڵێم مەسایلێکی شەخسی بوو من وەکوو خۆم رێزم بۆ هەر دوو لا هەیە. بەڵام ئەوەندەی کە لە کۆمیتەی مەرکەزیا بووم یا بە دەزگای رەهبەری حیزبەوە نیزیك بووم، وەکوو واقعییەت ئیختلافاتی سیاسی، تەشکیلاتی هەبوو و بە بۆچوونی من ئەو ئیختلافاتە تەشکیلاتی و سیاسییە بوو بە هۆی ئەوە کە حیزب دووکەرت بێت. من هیوادارم ئەوان بتوانن لە رێگەی دیالۆگەوە مەسایلی خۆیان چارە بکەن من پێم وایە ئەوان ئەگەر برێك لێك ببوورن ئەتوانن حیزبی دیموکرات و ماڵی حیزبی دیموکرات رێك بخەنەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن خەڵکەوە تاوانبار کراوە بەوەیکە فکرەکان بایکوت ئەکەن، یانێ کەسایەتییەکان ورد ئەکەن ودووبارە دەیانەوێ بە مەیلی خۆیان کەسایەتییەکی تر دروست بکەن، و هەروەها حیزبێکی ئەکتیڤ نیە و راکد بووە. بۆچوونی جەنابتان لەم پەیوەندییەدا چیە؟**

تەبیعییە کۆمەڵە ئینسانێك کە بە دەور یەکا کۆئەبنەوە لە چوارچێوەی فکرێکا بیر بکەنەوە، بەڵام ئەوە تەبیعی نیە کە پێیان خۆش نەبێت کە فکرێکی جیاواز بێتە ناویانەوە یان پێیان خۆش بێت هەموو کەسێك هەر وەك خۆیان بیر بکەنەوە و ئەگەر موخالیفی نەزەریان تیا بوو بە شێوەیەك لە خۆیان ئەوتی کەن. من پێم وایە لە هەموو حیزبەکانا ئەو شتە رووی داوە و بەداخەوە لە حیزبی دیموکراتیشا ئەو رەوتە بووە. وەك نموونە باس بکەین ئەگەر من لەگەڵ فکرێکا بووبێتم دوایی بە پێچەوانەی ئەو فکرە بیرم کردبێتەوە ئیمکانی هەس لەسەر من بیروبۆچوونی خراپ بووبێت یا بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی من بیریان کردبێتەوە یا لەوانەیە لەو بازنەیەی کە ئەوانی تیا بوون منیان خارج کردبێت. من وا ئەزانم ئەوە هەقیقەتی هەیە کە ئەفرادێك هەن نەیان توانیوە بۆ خۆیان بیر بکەنەوە، ئەوان هێناویانەتە ژێر رکێفی خۆیان، بەڵام من پێم وایە کە ئەو رەوتە سەر ناگرێت ئینسانی ئازادە ئەو کەسەیە کە وەك خۆی بیر بکاتەوە و بە تەنیا دونبالەڕەوێکی خاڵی نەبێ.

**حیزبی دیموکرات بە شەخسییەتەکانەوە ناناسین، بەڵام وەکوو حیزبییەك ئاخۆ دوای چەندین ساڵ خەبات چ گلەییەکت لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەیە؟**

— من لە سەرەتاوە بۆ پێشمەرگایەتی هاتووم و بیرم لە مەسئولیەت و مەقام نەکردۆتەوە هیچ شەخسییەتێکیشم لە حیزبی دیموکراتا نەناسیوە رێبازی سیاسی ئەو حیزبە نەبێ، هەر بۆیە کەوتومە شوێن رێبازی سیاسیی حیزبی دیموکرات. بەڵام وەکوو واقعییەت ئەتوانم بڵێم نەك من، بەڵکو زۆر خەڵکی دیکەش دڵیان ئێشاوە بەرخوردی خراپیان پێ کراوە بە راستی من بیرم لە رۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات نەکردبۆوە بەڵام عەواملە ناوخۆییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون بە هۆی ئەوەیکە من رێگای هەندەران بگرمە پێش.

**کەسایەتییەکی وەکوو کاک بابا عەلی مێهر پەروەر بە داخەوە ئیمڕۆ لە ناو حیزبی دیموکراتا نیە، حەز ئەکەم نەزەرتان لەسەر کاک باباعەلی و هەروەها هۆی دانەنیشتنیان لە حیزبدا بزانم؟**

– من وەکوو حیزبییەك لەگەڵ کاک بابا عەلی نیزیك بووم ، کاک بابا عەلی چ پێمان خۆش بێ یان نا لە ناوچەی مەریوانا سیمایەکی ناسراو و خۆش ناوە و شەخسییەتێکی تایبەتیی هەیە و بنەماڵەکەی زۆر خۆشەویستە کە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی مەریوان ئەیناسن و ئەو ماوە دوور و درێژە لە حیزبدا بووە. کاک بابا عەلی نەخشی کاریگەری هەبووە لە هاوئاهەنگی، لە سداقەت و پاکیدا و هیچ کەس شك و گومانی لەوە نیە، بەڵام کاك بابا عەلی کاتێك هاتە ئورووپا پێش ئەوە کە حیزب لەت بێ پەیوەندیم پێوە کرد و پاشان رۆیشتووم بۆ لای لەسەر مەسایل قسەمان کردووە، کاك بابا عەلی پێی خۆش نەبوو حیزب لەت بێ و لەم باوەڕەیا بوو کە حیزبی دیموکرات بە هەمووانەوە جوانە و پێی خۆش بوو هەر وەکوو پێشوو حزبێکی یەکگرتوو و یەکپارچە بێ نەك ئەوەیکە لەت بێ.

**کاتێك جەنابتان گەڕانەوە کوردستان چاوتان هەم بە مامۆستا و هەم بە کاك مستەفا کەوت ئایا جەنابتان ئەتوانن باسێکی ئەو چاوپێکەوتنانە بکەن بۆمان؟**

– بەڵی، من کاتێ هاتمەوە بۆ ئێرە چاوم بە هەر دوو کەسایەتیی ناوبراو کەوت و چونکە لە بەرەبەرەی جەژندا بوو زیاتر بۆ جەژنە پیرۆزە چووم خزمەتیان و لە پاڵ ئەوەشدا رەنگە باسێکمان لەسەر مەسەلەکان کردبێ. هەرچەند کە پەیامی من بۆ هەردوو لا پەیامی یەکبوون بووە و لەگەڵ رێزما بۆ هەر دوو لایەن بەڵام بە پێی ئەزموونی خۆم و ئەو قسانەی کە کران زیاتر راستییەکانم لە لایەنێکدا بینییەوە.

**– حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن ئەحزاب و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە بە فەرمی ناسراوە و تەنانەت لە لیستی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکاشا ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی تیا بووە، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تا ئێستا ئەم حیزبەی بە فەرمی نەناسیوە. بە رای جەنابت هۆکاری ئەم هەڵوێستەی لایەنی کاك مستەفا چیە؟**

– بە نەزەری من ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی هەڵەیە، ئەگەر حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە بە رەسمی ناسرابێ و ئەو لایەنە بە رەسمییەت نەیناسن ئەمە ئیدیعایەکی خاڵییە و هیچ تەئسیرێکی نیە. بەڵام بە بڕوای من لە داهاتووا ئاڵوگۆڕی مەنتەقە و سیاسەتی پێکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی مەحکووم و مەجبووریان ئەکا بە بەرەسمی ناسینی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

**— ئایا لەم ماوەیەدا کە لە دەرەوە هاتوونەتەوە هیچ گلەییەکتان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەیە؟**

— من وەختێك لە ئورووپا هاتمەوە لە فرودگاوە بەڕێزان کاك خالد وەنەوشە و سەید ئیبراهیم وەکوو ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتن بە پێشوازیمەوە و زۆر پێ خۆشحاڵم کە دوای هەشت ساڵ گەڕامەوە بۆ ناو ئەو رەفێقانە کە ساڵەهای ساڵ لە خۆشی و ناخۆشییەکانا بەیەکەوە بووین. لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە وتووێژێکم تەك کاناڵی کورد بووە و زۆر رێز و ئێحترامیان لێ گرتم کە بەراستی هەر لێرا ماندوو نەبوونی و سپاس بۆ ئەو کادر و ئەندام و پێشمەرگانەی حیزب ئەنێرم کە لەم ماوەیا عەزیەتم پێ داون. وەڵێ جێی داخ و کەسەرە کە بەرادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئیجازەی بینینی حەتا هەوشارییەکانی خۆمیان پێ نەداوم و ئەو کەسانەش کە هاتوون بۆ لام بە نهێنی هاتوون بۆ لام. وا بزانم ئەگەر بە ئاشکرا نەبووبێ بە شێوەی نهێنی بایکۆتی ئەم بەشە لە حیزبی دیموکراتیان کردوە، بەڵام پێم وایە کە ئەو رەوتەی کە ئەوان دەیانەوێ بیبەن بەڕێوە سەرکەوتوو نابێ و خۆیان زەرەری لێ ئەبینن لە داهاتوودا. و هەروەها رەنگە ئەوان منیان لە بازنەی فکری خۆیانا نەبینیبێ بۆیە دەعوەتمیان نەکردوە و لێیان نەپرسیوم، زۆر جێگەی داخە من بیست و چەند ساڵ لەگەڵ پێشمەرگەیا ژیاوم لە خۆشی و ناخۆشییەکانا لە هەزاران شەڕ و بەربەرەکانێیا بە یەکەوە بووین، بەڵام ئەو بەشەی حیزبی دیموکرات نەهاتوون بۆ لام یا لە منیان نەپرسیوە. من پێم وایە ئەم بەرخوردانە جوان نیە هەر چەند من زۆر گرنگی پێ نادەم. لەم سەردەمەیا ئەم بەرخوردانە تەئسیری خراپی لەسەر خۆیان ئەبێ چونکە لەمڕۆیا ئەم شێوە بەرخوردانە قابڵ قەبووڵ نین.

دریژەی

# هەواڵەکان

شایانی باسە کەسێکی دیکەش بە ناوی "هادی حوسێن پەناهی" بە چوار مانگ زیندان و ١٠٠ زربە قامچی حوکم دراوە.

**وەلابردنی ئەندامێکی شووڕای سنە بە هۆی سیخوڕییەوە**

"عیزەت زەندی" یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی شاری سنە لە مانگی رابردوودا بە تاوانی سیخوڕیو دزیی چەندین ملیارد تمەن لەلایەن رێژیم لە سەر کارەکەی دەرکرا.

**دەستبەسەر کرانی هاووڵاتییەك**

ماوەی ١١ مانگە هاووڵاتی "سادق خالیدیان" خەڵکی گوندی قاملوو بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکان دەستبەسەر کراوەو ئیزنی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەس نیە.

شایانی باسە لەو چەند مانگەی رابردوودا زەبرو زەنگی رێژیم بۆسەر هاووڵاتییان بە بیانووی جۆراوجۆر بەتایبەت لە کوردستان دا زیاتر بووە.

**ژنێك بە تاوانی نامووسی لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا**

شەوی ١٣٨٦/٨/٢٠ ژنێك بەناوی حۆریە لە شاری شنۆ بە تاوانی نامووسی کوژرا. ناوبراو خەڵکی تاران بووەو لەگەڵ پیاوێکی شنۆیی زەماوەندی کردوەو بە تاوانی پێوەندی لەگەڵ پیاوێك دا لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا.

**کۆچی دوایی هاووڵاتێکی نیشتمانپەروەر بە هۆی پێکدادان**

رێکەوتی ١٩ی خەزەڵوەر هاووڵاتێکی نیشتمانپەروەر بەناوی سەمایل پیرداوودی خەڵکی پیرانشار لە نزیك پادگانی ئەو شارە بەهۆی پێکدادان، لەگەڵ منداڵە ٢ ساڵەکەی بوونە قوربانی.

وێڕای بەداخ بوون لەم کارەساتە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسو کاری ناوبراو دەکەین.

**لە ئاکامی دەسرێژی هێزەکانی رێژیم کاسبکارێك کوژرا**

رێکەوتی ٢٢ی خەزەڵوەر هێزەکانی رێژیم لە سنووری حاجی ئۆمەران دەسرێژیان لە دەستەیەك کاسبکارکردو لە ئاکامدا کەسێك بەناوی" مەحموود چەکاو" خەڵکی گوندی "سێگرکان"ی پیرانشار کوژرا.

**لە ئاکامی هێرشی هێزەکانی رێژیم دا دوو کاسبکار بوونە قوربانی**

رێکەوتی ٢٠ی خەزەڵوەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر جادەی کەرێزەی سەرداری بۆکان هێرش دەکەنە سەر ماشێنێکی کاسبکاران، کە بوو بە هۆی ئەوەی کە خۆی بە ماشێنێکی دیکە بداو لە ئاکام دا هەر دووك سەرنشینەکەی گیانیان لە دەست بدەن.

**دەستبەسەر کردنی هاووڵاتیان لەلایەن ئیتلاعاتەوە**

رێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەر هێزەکانی ئیتلاعات لە گەڕەکی فەرەجی شاری سنە دوو هاوڵاتیان بە ناوەکانی عەبدوڵڵا حەیدەرنیاو شوکورڵڵا حەیدەری قۆڵبەستو راپێچی گرتووخانە کرد. شایانی باسە ئەو دوو هاووڵاتییە بە تۆمەتی چەك کردنی کیوسکی ئینتزامیی گەڕەکی ناوبراو کە دوو مانگ لەمەوبەر رووی داوە، گیراون. جێی ئاماژەیە هەر لەو پێوەندییەدا پێشتر کەسێکی دیکەیان بە ناوی عەلی حەیدەرنیا دەستبەسەر کردبوو.

**هێرشی هێزەکانی رێژیم بۆ سەر کاسبکاران**

رێکەوتی ٢٣ی خەڵوەر هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیم هێرشیان کردە سەر بێنزین فرۆشانی شاری کامیاران و دەستیان بەسەر ٣٠ هەزار لیتر بێنزین داگرت. هەر لەو پێوەندییەدا ٢٠ کەسیشیان بە تۆمەتی قاچاغی بێنزین دەستبەسەر کردوە.

**مەهاباد: تازە بووکێك خۆی دەکوژێ**

کوردستانو کورد: رێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەر لە گەڕەکی مەیدانی شۆڕش تازەبوکێکی تەمەن ١٩ ساڵە بەناوی میهناز حوسێنی کە ٦ مانگ بوو گوێزرابۆوە خۆی دەرمان داو کردو گیانی لە دەست دا.

شایانی باسە هۆکاری خۆکوژی ناوبراو گیرۆدە بوونی مێردەکەی بە ماددە سڕکەرەکان بووە کە دوایی گواستنەوەی پێیزانیوە.

**رەبەت کۆچی دوایی ئەندامێکی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

کوردستانو کورد: رێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەر ئەندامێکی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوی محەممەد نۆبەهاری ناسراو بە خاڵە حەمە خەڵکی گوندی "کونەورچێی" ناوچەی سەردەشت کۆچی دوایی کرد.

خاڵە حەمە ساڵەکانی لە قۆناغی بزووتنەوەی چەکداری ٤٦ـ٤٧ شان بە شانی نەمران مەلا ساڵە مەعروفی، عەولای مام حەسەن، مام ئەحمەد جۆلا، مەلا عەولای ئەمینی، هەباسی مام حەسەنی خدری خەلیفەو کاری تەشکیلاتیی کردوەو پاش رووخانی رێژیمی پڕ لە نەگبەتی پاشایەتی، ساڵی ٥٨ پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزب گرتەوەو هەموو ئەوانەش بوون بەهۆی خۆشەویستی ئەو لە نێو خەڵك دا.

شایانی باسە لە رێورەسمی بەخاك ئەسپاردنیدا هەزاران کەس بەشداریان کرد.

بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسو کارو خەڵکی ناوچەی رەبەت دەکەین.

**نەغەدە: بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشی موقبیل هونەرپەژوە**

کوردستانو کورد: رێکەوتی ٢٨ی خەزەڵوەر لە شاری نەغەدە رێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشی موقبیل هونەرپەژووە قارەمانی شاخەوانیی ناوداری کورد لە مزگەوتی گەورەی شاری نەغەدە بەڕێوە چوو. لەم رێوڕسمەدا خەڵکێکی زۆری شارو دەورو بەرو هەروەها شاخەوانانی ناوچەو لاوانی نیشتمانپەروەر بەشدار بوون. لەو رێوڕەسمەدا پەیامی بنەماڵەی محەممەد هەورازو پەیامی سپاسو پێزانینی بنەماڵەی موقبیل پێشکەش بە ئامادە بووان کرا. لە بەشی کۆتایی رێوڕەسمەکەدا ئیمام جومعەی شار سپاسی بەشداریی خەڵکی لەو رێوڕەسمەدا کرد.

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 474 21 Nov 2007

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران، رۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 12303 - Polarisation: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## یازدەهەمین فستیڤاڵی گەلاوێژ دەستی پێکرد





رۆژی سێ شەممە ٢٩ی خەزەڵوەر بە چاوەدێریی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانیو بە ئامادە بوونی ژمارەیەك لە بەرپرسانو ژمارەیەکی زۆر وێژەوانانو نووسەرانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانو ژمارەیەك میوانی عەرەبو فارس یازدەهەمین فستیڤاڵی گەلاوێژ کارەکانی دەست پێ کرد.

فستیڤاڵەکە بە رێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، دواتر وتاری سەرۆکی بنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژ خوێندرایەوە. دواتر سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی وێرای داگیرساندنی مۆمی فستیڤاڵ وتەیەکی پێشکێش کرد.

لە درێژەی بەرنامەکانی یەکەم رۆژی فستیڤاڵەکەدا ئۆرکێسترای ژێداری کورد چەند پارچە موزیکی جیهانیو کوردیی پێشکێش بە بەشداران کرد. دواتر لە گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی پێشانگایەکی فۆتۆگرافیو لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانییش پێشانگایەکی کتێب کرایەوە.

شایانی باسە ئەم فستیڤاڵە سێ بواری هۆنراوە، چیرۆكو لێکۆڵینەوە لەخۆ دەگرێو لە کۆتایی فستیڤاڵ دا سێ خەڵات بە سە خاوەنی باشترین بەرهەمەکانی ئەم بوارانەدا دابەش دەکرێ.

## فیلمەکانی کوردستان لە فستیڤاڵی کورتە فیلمی تاران سەرکەوتنیان بەدەست هێنا

PNA- فیلمەکانی کوردستان لە ٢٤مین خولی فیستیڤاڵی نەتەوەیی و ١٢ە مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران، چەندین خەڵاتی سەرەکیان بەدەستهێنا.

لە ٢٤ە مین خولی فیستیڤاڵی نەتەوەیی کورتە فیلمی تاران فیلمەکانی کوردستان لە چەندین بەشی جۆراوجۆری دا توانیان سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بێنن، لەوانە:

لە بەشی"کێبڕکێی سینەمای لاو"دا:

ـ کورتە فیلمی چیرۆکی "شب روز برفی" واتە "شەوی رۆژی بەفری" لە دەرهێنانی "دانش سڵەواتی" و "بابەك سڵەواتی"، لە شاری سنە، دیپڵۆمی شانازی و خەڵات بە بری ٣ میلیۆن ریاڵی (٣٠٠ دولار) پێبەخشرا.

لە بەشی "کێبڕکێی روانینی نەتەوەیی"دا:

ـ کورتە فیلمی دیکۆمێنتی "طلای سفید" واتە "زێڕی سپی" لە دەرهێنانی "بیژەن زەمان پیرا"، لە شاری سنە، دیپڵۆمای شانازی و خەڵات بە بری ٤ میلیۆن ریاڵی (٤٠٠ دولار) پێبەخشرا.

لە بەشی کێبڕکێی تایبەت واتە "دیمەنی وڵاتی جوانی ئێمە"دا:

ـ کورتە فیلمی دیکۆمێنتی ـ چیرۆکیی "ماه اردلان" واتە "مانگی ئەردەڵان"، سەبارەت بە کەسایەتی و ژیانی شاعیری بە ناوبانگی کورد "مەستوورەی ئەردەڵان" لە دەرهێنانی "ئومید




راستبین"، لە شاری سنە، دیپڵۆمی شانازی و خەڵات بە بری ٤ میلیۆن ریاڵی (٤٠٠ دولار) بەدەستهێنا.

ـ کورتە فیلمی دیکۆمێنتیی "عبور از خط زرد" واتە "پەڕینەوە لە هێڵی زەرد" سەبارەت بە دەریاچەی "زرێوار" لە دەرهێنانی "محەممەد رەزا باغبانی"، لە شاری مەریوان، دیپڵۆمای شانازی و خەڵات بە بری ٤ میلیۆن ریاڵی (٤٠٠ دولار) پێبەخشرا.

هەروەها لە ئەنجومەنی سینەمای لاوی سنە "سیروس سەنایی" بە هۆی هەوڵی چالاکانە بۆ بەڕێوەبردنی حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی ناوچەیی سینەمای لاوانی ئێران لە شاری سنە، بە پێشکەش کردنی لەوحەی پێزانین، رێزی تایبەتی لێ َگیرا.

ئەندامانی لێژنەی ناوبژیوانیی ٢٤مین خولی فیستیڤاڵی کورتە فیلمی تاران، بریتی بوون لە: دەرهێنەری ناوداری سینەمای ئێران "کەماڵ تەبریزی"، دەرهێنەری بە ئەزمون و"محەممەد رەزا سکووت"، "مانی میرسادقی"، سیناریۆ نووس "سەعید حەقیقی"، دەرهێنەری لاو "مازیار میری"، "عەبدوڵڵا عەلیموراد" و "میساق ئەمیرفەجر".

شیاوی باسکردنە لە میانەی رێورەسمی کۆتایی ٢٤مین خولی فیستیڤاڵی نەتەوەیی و ١٢مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران، گروپی دەفژەنانی "فەشیری" چەندین ئاوازی رەسەن و ئایینی ناوچەی کوردستانیان پێشکەش کرد کە لە لایەن ئامادەبووانی ناو هۆڵەکەوە پێشوازییەکی بێوێنەی لێکرا.

هەروەها لە لایەن گروپی موزیکی و هەڵپەڕکێی کوردەکانی باکووری خوراسان و لورستان چەندین بەزم و جوری هەڵپەڕکێی ئەم ناوچانە نمایش کرا. جێی وەبیر هێنانەوەیە ٢٤ە مین خولی فیستیڤاڵی نەتەوەیی و ١٢یە مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران، لە چەندین بەشی جۆراوجۆر لەوانە: "سینەمای نەتەوەیی"، "کێبڕکێی روانینی نەتەوەیی"، "کێبڕکێی سینەمای لاوان"، "تایبەت"، "میراتی نەبەوی"، "دیمەنی وڵاتی جوانی ئێمە" و "کێبڕکێی سینەمای نێونەتەوەیی"، لە رۆژانی ١٣ تا ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧ (٢٢ تا ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٨٦) لە سینەما فەلەستین و سینەما قیامی شاری تاران و هەروەها بە شێوەی هاوکات لە سینەماکانی ٧ پارێزگای ئێران بەڕێوەچوو، لەوانە: خوراسانی باکوور، خوراسانی باشوور، خوراسانی رەزەوی، هەمەدان، هورموزگان و سیستان و بلوچستان.

## مرواریی دەریای وشە

زۆر کەس کە بێدەنگ دەبن، دڵگرتر دەبن.

(ماری لاری)

ژیان رۆژێکی تێدا نیە کە گرنگ نەبێ.

(ئەلێکساندێر وولکات)

سبەینێ بە تیشکی ئەمڕۆ روون بکەوە.

(ئێلیزابێت بارت بروانینك)

ئەوانەی بە گەشاوەییو هیوادارییەوە ژیاون، گەورەترین سەرکەوتنەکانیان لە ژیان دا بەدەست هێناوە.

(اورایزن اسوت)

دوو رۆژ لە حەوتوودا هەن کە من هەرگیز نیگەرانیان نیم، ئەمڕۆو سبەی.

(رابێرت جۆنز بۆرت)

## حەماسەی سەرکەوتن

### پێشکەشە بە رووحی نەمری شاخەوانی کورد موقبیل هونەرپەژوهـ

**بێ بەش**



ناڵەشکێنە بۆ دارە دارە دەستی گرتی، لە سەرکەوتن ڕاهاتیو لەسەر لوتکەی بەرزی قەندیل، بەرزەفڕیو بەرزە مژیی هەڵۆت وەرگرت.

لە قەندیل بوو، سینەت پڕ بوو لە هەستو ویستی ئازادی، تینوویەتیت بە "فرمێسکی رنوو" شکاند، هەناسەت بۆ سەرکەوتن لە پشت بەرزاییەکان وەرگرت. چوویە سەرێ، وەسەرکەوتی، وەسەرکەوتیو هەر نەکەوتی. چۆکت لەسەر سینگی " دەماوەند" دانا. "تەببەت" کڕنۆشی بۆ بردی. لەگەڵ "هەوراز" زۆر هەورازی دیکەت بڕی، لە داوێنی "هیمالایا" خۆت گرتەوە. کوردیو کوردانە قەولت دا ئەو بەرزاییە سەختەش ببڕی. هەنگاوت نا، ئیتلاعاتی سامو ترس خۆی لە

قەرەی ورەت نەدا، بەسیجیی باکوتەو هەرەس نەیانتوانی رێگەی راستت لێهەڵە کەن، پاسداری هەڵدێڕ نەیتوانی تیری بیری بەرزەفڕت لێبشکێنێ. عەممامەی تەمو مژت پس پس کردو لەسەر لوتکەی "لوتسەی"ی کێوی هیمالایا ئاڵای سێ ڕەنگی خۆر لەسەر سنگی گەلی کوردت شەکاندەوە. ورشەی وشەی سروودی ئەی ڕەقیبت ئاوێتەی گرشەگرشی بەفری بلوورینی سەر لوتکەی بەرزی چیاکان کردو بە نووریان چاوی حاشا کەرانی کوردت کوێر کرد.

تەنیا هەر بیستو چوار بەهار لە بوونت تێ پەڕیبوو، جیهان لە باوەشی خۆی دا قارەمانی شاخەوانی بەو تەمەنەی نەبینی بوو.

بەرزە فڕ بووی، هەر دەفڕیو تا سەرەنجام لە "بەردە زەرد"، لە مەڵبەندی دڵبەندی "کەریمی عەلی فەرامەرز" و "حەسەنی جەمشیدی"و "کەریمی عەلیار" بۆ دوایین جار لە شەقەی باڵت داو فڕیو، بەرەو کەشکەڵانی فەلەك وەڕێ کەوتی. ئەو جا لە هیمالایا گەلێ زیاتر وەسەرکەوتیو لە هەوران دەرچوویو ورشەی وشەی هەرمانت ئاوێتەی گرشە گرشی ئەستێرە کرد. گرشەی مانت لێ پیرۆز بێ.

**بەر لەماڵاوایی**

## پێوەندیی نێوان "وێکهەڵکردن"و ئاشتی، پەرەپێدانو دیموکراسی

قادر وریا

لە ساڵی ١٩٩٥ەوە، ١٦ی نوامبر (٢٦ی خەزەڵوەر) لە لایەن یونسکۆ (رێکخراوی فێرکاری، زانستیو کەلتووریی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان)ەوە وەك رۆژی جیهانیی مودارا (وێکهەڵکردن) ناودێر کردوە. هەر ئەو کاتو لەگەڵ ناودێرکردنی ئەم رۆژە بەو ناوە، یونسکۆ بەیاننامەیەکی لە ژێر ناوی "بەیاننامەی بنەماکانی وێکهەڵکردن" بڵاوکردەوە کە وڵاتانی ئەندامی ئەو رێکخراوە مۆریان کردوە. لە پێشەکیی بەیاننامەکەدا پاش ئاماژە بە هێندێك لە بەندەکانی مەنشووری نەتەوەیەکگرتووەکان، مەنشووری یونسکۆو بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ١٥ پەیماننامە، بەیاننامەو کۆنوانسیۆنی جۆراوجۆری نێونەتەوەیی تایبەت بە مافە ئینسانییەکان کە هاندەری یونسکۆ بۆ پەرەپێدانی گیانی وێکهەڵکردنن، ناو براونو، دیاردەکانی وەك: پەرەگرتنی توندوتیژی، تیرۆریزم، دژایەتیکردنی بێگانە، ناسیۆنالیزمی دەستدرێژکەرانە، رەگەزپەرستی، لە پەراوێز خستنو پاڵ پێوەنانی لایەنو کەسانی دیکە، فەرقوجیاوازیدانان، پەلاماربردنە سەر کەمایەتیییە نەتەوەیی، قەومیو ئایینیو زمانییەکانو، ترساندنی کەسانێك کە بیروڕای خۆیان بە ئازادیی دەردەبڕن، وەك نیشانەکانی زۆر بوونی وێکهەڵنەکردن ناویان هاتوە کە بناغەکانی ئاشتیو دیموکراسییان لە ئاستی نەتەوەییو نێونەتەوەییدا لە مەترسی خستوەو جێگای نیگەرانین.

ماددەی ١ی "بەیاننامەی وێکهەڵکردن" بەم جۆرە پێناسەی "مودارا" دەکا: **١٠١ـ مودارا بریتییە لە ریزگرتنو قبووڵکردنی جۆراوجۆریی کەلتوورەکانی جیهانی ئێمەو، جۆرەکانی دەربڕینو رێگا جیاوازەکانی مرۆڤبوونی ئێمە. گەشەکردنی مودارا لە رێگای ئاگایی، راشکاوی، پێوەندی، ئازادیی بیروڕاو ویژدانو دەربڕینەوە دەبێ. مودارا بریتییە لە هاوئاهەنگی لە ناکۆکیدا، ئەمە هەر تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی نیە، بەڵکوو هەروەها پێویستییەکی سیاسیو قانوونییشە. وێکهەڵکردن ئەو تایبەتمەندییەیە کە ئاشتی مسۆگەر دەکاو، دەبێتە هۆی جێنشین کردنی فەرهەنگی ئاشتی لە جیاتی فەرهەنگی شەڕ.**

**١٠٢ـ مودارا، رێککەوتنێکی گشتی نیە، ئیمتیاز دان بە کەسێکی دیکە، چاوپۆشی لە ئیمتیازەکانی خۆت، یا بەخشینو لێبووردن نیە، مودارا، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە قەناعەتێکی زەینییە کە بەرهەمی ناسینی مافی مرۆڤی جیهانیو ئازادییە بنەڕەتییەکانی کەسانی دیکەیە. هیچ شتێك لە هیچ هەلومەرجێك دا، ناتوانێ پاساوەدەری پێشێلکردنی ئەم بایەخە بنچینەیییانە بێ. وێکهەڵکردن دەبێ هەم لە لایەن تاکەکانەوەو هەم لەلایەن گرووپەکانو دەوڵەتانەوە بێ.**

**١٠٣ـ وێکهەڵکردن بەرپرسایەتییەکە کە ددان بە مافەکانی مرۆڤ، پلۆرالیزم (بۆ وێنە پلۆرالیزمی کەلتووری)، دیموکراسیو رۆڵی قانوون دا دەنێ. ئەمەش بە مانای رەتکردنەوەی دۆگماتیزمو رەهاگەری (مطلق گرایی)و قبووڵکردنی ستانداردە دیاریکراوەکان بە هۆی بەڵگەنامە نێونەتەوەیییەکانی مافی مرۆڤە.**

**١٠٤ـ میتۆدی وێکهەڵکردن، لەگەڵ رێزنان لە مافەکانی مرۆڤ یەکدیگرەو، بەمانای هەڵکردن لەگەڵ بێدادی کۆمەڵایەتی، یا وەلانانو لاوازکردنی بیروبۆچوونەکانی تاك نیە. واتای مودارا ئەوەیە کە تاك ئازادە کە بە بیروبۆچوونەکانی خۆی وەفادار بێو قبووڵیش بکا کە کەسانی دیکەش بە بیروباوەڕی خۆیان وەفادار بمێننەوە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەم حەقیقەتە قبووڵ بکەین کە مرۆڤەکان کە بە شێوەی سروشتی لە باری رواڵەت، هەلومەرج، قسەکردن، هەڵسوکەوتو بایەخەکانیانەوە جیاوازن، ئەو مافەیان هەیە کە بە ئاشتی بژینو چۆنێك هەن هەر وا بن. ئەوە هەروەها بەو مانایەیە کە روانگەی مرۆڤێك نابێ بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێندرێ.**

"بەیاننامەی بنەماکانی وێکهەڵکردن" لە ماددەی ٢ی خۆیدا ئەرکەکانی دەوڵەتی لە پێناوی زاڵبوونی گیانی وێکهەڵکردن لە کۆمەڵگەدا، دەستنیشان کردوە. لە دوو بەندی ئەم ماددەیەدا هاتوە:

**٢٠١ـ وێکهەڵکردن لە ئاستی نەتەوەییدا، پێویستی بە دادپەروەرو بێلایەن بوونی دەزگاکانی قانووندانان، بەڕێوەبەری، قەزاییو رەوتی ئیداری هەیە. هەروەها پێویستە کە دەرەتانە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان بێ جیاوازیدانان بدرێ بە هەر تاکێك. بێبەشکردنو لە پەراوێز خستن دەتوانێ هەستکردن بە داماویو [گیانی] دوژمنایەتیو دەمارگرژی بخولقێنێ.**

**٢٠٣ـ بۆ هاوهەنگاویی جیهانی پێویستە کە تاکەکان، کۆمەڵەکانو نەتەوەکان، کەسایەتیی چەند کەلتووریی بنەماڵەی مرۆڤایەتی قبووڵ بکەنو رێزی لێبگرن. بەبێ وێکهەڵکردن، ئاشتی ناتوانێ هەبێو، بەبێ ئاشتی، پەرەپێدانو دیموکراسی نابێ.**

لە ماددەی ٣دا، بەیاننامەکە قامك لەسەر رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی وێکهەڵکردن دادەنێ. لە بەندی ٣٠١ی ئەم ماددەیەدا گوتراوە:

**لە جیهانی مۆدێرن دا، وێکهەڵکردن لەهەر سەردەمێکی دیکە پێویست ترە. ئێستا سەردەمێکە کە مۆرکی بەجیهانیبوونی ئابووریو هەروەها گەشەکردنی رۆژبەرۆژ زیاتری راپەڕ، پێوەندییەکان، کۆگەری (جمع گرایی)و بەستراوەیی دوو لایەنە، کۆچکردنە بەرینەکانو گوێزرانەوەی حەشیمەتەکان، پەرەگرتنی شارنشینیو گۆڕان بەسەرداهاتنی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی پێوە دیارە. بەو هۆیەوە کە هەر بەشێك لە جیهان بە تایبەتمەندیی جۆراوجۆریو جیاوازی لەوانی دیکە جیادەکرێتەوە، وێکهەڵنەکردنو پێکهەڵپڕژانی رۆژ بە رۆژ زیاتر بە شێوەیەکی کردەکی هەڕەشە لە هەر ناوچەیەك دەکا. ئەم راستییە هەر تەنیا تایبەت بە وڵاتێك نیە، هەڕەشەیەکی جیهانییە.**

بەیاننامە، دوای پێویستیی برەوپێدانی گیانی وێکهەڵکردن لە نێوان تاکەکان، بنەماڵەکانو لە ئاستی کۆمەڵگەدا، ئاماژە بە گرینگیی راهاتن بە گوێ لێك گرتنی لایەنەکان لە قوتابخانەو زانستگەکانو لە ماڵو شوێنی کار دا دەکاو لە ئەرکی راگەیەنە گشتییەکان لەو پێوەندییەدا دەدوێ.

لە چوارەم ماددەی خۆیدا، "بەیاننامەی وێکهەڵکردن"، "فێرکردن" (آموزش) وەك کاریگەرترین ئامرازی پشتگیری لە وێکهەڵکردن ناو دەباو دەڵێ:

**یەکەم هەنگاو لە فێرکردنی وێکهەڵکردن دا ئەوەیە کە خەڵك فێری (شارەزای) مافە هاوبەشەکانیانو ئازادییەکانیان بکرێن. لە بەندی ٢ی هەر ئەو ماددەیەش دا گوتراوە: بەرنامەو سیاسەتەکانی تایبەت بە فێرکردن دەبێ لە خزمەت گەشەکردنو پەرەپێدانی لێك تێگەیشتن، هاوپێوەندیو وێکهەڵکردنو لەسەرەخۆیی لە نێوان تاکەکانو گرووپە قەومی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، زمانییەکانو نەتەوەکان دابن.**

بە ئاواتی راهاتنی هەرچی زیاتری ئێمەی کورد بە "وێکهەڵکردن"و رێزگرتن لە جۆراوجۆریو جیاوازییەکان لە کۆمەڵگەدا.